مەبەست لە نووسینی ئەم سەرەتایە ئەوەیە ڤیلچیڤیسکی خۆی لە نێزیکەوە شاهیدی ڕووداوەکان بووە، کورد ئامادە نەبوون لەگەڵ ئەڵمان هاوکاری بکەن و، پێوەندیی نێوان کورد و ئینگلیز نەک ئاڵۆز بووە، بگرە ئینگلیز دژی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کورد لە ئێران و عێراق پشتگیریی دەوڵەتی ناوەندیی ئەو وڵاتانەی کردووە. سێیەم: کورد بەهەموو توانای خۆی پێشوازیی لە سوپای سۆڤیەت کردووە؛ بەڵام با بزانین نووسەر ڕەوتی ڕووداوەکانی تر چۆن دەگێڕێتەوە، با جارێ هەڵوێستی ئەو لەبارەی بارزانی بگێڕینەوە.

ئینگلیز کە دژی بزووتنەوەی کورد لە ئێران و عێراق بوون، هاوکاتیش ئامۆژگاریی کوردی سوریا و تورکیایان دەکرد لە جموجۆڵ و چالاکی دژی دەسەڵاتدارانی تورک خۆیان بپارێزن؛ بەڵام ئینگلیز لە سەرەتای ١٩٤٣دا چالاکیی خۆیان لەناو کوردەکانی عێراقدا بەهێز کرد و، تاڕادەیەکیش دژی تورکیا لە ناو کوردەکانی باکوّدا چالاکییان نواند. هاندانی کوردی عێراق و تورکیا دژی ئەو دوو دەوڵەتە لایەنی دژی سۆڤیەتیشی پێوە دیاربوو، ئەویش ئەوەبوو دەیانویست کوردی ناوچەی ژێر ڕکێفی سوپای سووری سۆڤیەت لە ئێران بۆ ئەم پلانە ڕاکێشن و، گێرە و کێشە لە نێوان کورد و سۆڤیەتدا دروست بکەن. ئینگلیز دەیانویست سۆزی کورد بۆ سۆڤیەت لاواز بکەن. لەلایەکی ترەوە ئاڵۆزی لە نێوان یەکەتیی سۆڤیەت و ئێران دروست بکەن. بۆ ڕێبەرایەتی کردنی ئەم ڕاپەڕینە ئینگلیز بارزانییان هەڵبژارد کە سەرکردەی خێڵی بارزان و برا بچووکی شێخ ئەحمەدی بارزان، مرۆڤێکی بەکولتوور و تاڕادەیەک پێشکەوتووە، بۆ ئەم مەبەستەیش ماوەیەک لەبارەی بارزانییەوە کاریان کرد و پەروەردەیان کرد. (ئەمانە بۆچوونی ڤیلیچیڤسکین). جۆنسۆن ئەفسەری سیاسیی ئینگلیز نێردرا بۆ لای بارزانی لە سلێمانی و، لەوێ پلانی ڕاپەڕینەکەیان دانا. ئینگلیز بەڵێنی لایەنگریی خۆیان بۆ مافی گەلی کورد بە بارزانی دا و، پلەی جەنەراڵ مایۆریشیان پێدا. دوای ئەوەی مەلا مستەفایان ئامادە کرد، کاپیتان (نەقیب) جۆنسۆن کارەکەی خۆی لەگەڵ بارزانی دایە دەستی نەقیب شوتاری ئینگلیز، بەپێی پلانی شوتار مەلا مستەفا بۆ پەیداکردنی هاوپەیمانانی خۆی لەناو هۆز و خێڵانی کوردستاندا، سلێمانیی بەجێ هێشت و، بەڕێگەی سلێمانی- سەقز و سەردەشت و مەهاباد و کولینج و بارزان گەڕایەوە ناوچەکەی و، لە بارزان خەریکی چالاکی بوو. ئینگلیز، وەک ڕاوێژکارێکی سیاسی مایۆرستینگ دەنێرن بۆ لای و، شەش سەد دیناریشی پێ دەدەن بۆ پێویستییەکانی. سوپای عێراق لەژێر سەرکردایەتیی جەنەراڵی ئینگلیزی برۆنێر، هیچ سەرکەوتنێکی بەرامبەر کوردە ڕاپەڕیوەکان بەدەست نەهێنا و، سوپای عێراق تووشی شکان بوو. ئەوەبوو ڕاپەڕینی بارزان بۆ ناوچەکانی تری کوردستان پەرەی سەند، ڕێژیمی عێراق ناچارکرا لەگەڵ کورددا بکەوێتە وتوویژ و، ئۆتۆنۆمی بەکوردستان بدات. ڕێژیمی عێراق داوای یارمەتی و ناوبژیی نێوان دەوڵەتی عێراق و کوردی لە باڵیۆزی ئینگلیز لە بەغدا کرد. باڵیۆزی ئینگلیزیش ئامادەبوو. باڵیۆز لە نامەکەیدا داوای لە مەلا مستەفا کرد شەڕ ڕابگرێت و بکەوێتە وتوویژەوە، لە نامەکەدا باڵیۆزی ئینگلیز بۆ مەلا مستەفای نووسی تۆ لە دژی عێراق - هاوپەیمانی بەریتانیا و سۆڤیەت کە لە ناوچەکەدا بەرامبەر بەئەڵمانیای فاشیزم ڕاوەستاون- شەڕ دەکەی. هەر لەم نامەیەدا باڵیۆزی ئینگلیز بەڵێنی چارەسەری

کێشەی کوردی پاش کۆتایی هاتنی شەڕی دووەمی جیهانی بە بارزانی دا. مەلا مستەفا ڕازی بوو و شەڕی ڕاگرت. بەپێی ڕازیبوونی دەوڵەتی عێراق ئینگلیز و سەرکردایەتیی بزووتنەوەی کورد، ژمارەیەک ئەفسەری کوردی سوپای عێراق وەک ئەفسەرانی سیاسی نێردران بۆ ناوچەکانی کوردستان، تا ببنە ئەڵقەی پێوەندیی نێوان دەوڵەتی عێراق و سەرکردایەتیی کورد. جەنەراڵ بەهادین نوری پاشا قایمقامی سلێمانی بوو بەسەرۆکی ئەم ئەفسەرانە. ئەم ئەفسەرانە کە ژمارەیان ١٠ کەسە لەژێر دەستی ئینگلیزدان و بەرپرسیان پالکوڤنیک (عەمید) کینگە. زۆربەی ئەو ئەفسەرە کوردانە ئەندامی ژێکافن، نوێنەری دەوڵەتی عێراق بۆ کاروباری ئۆتۆنۆمیی کوردستانی عێراق ماجید مستەفایە و، لەهەمان کاتیشدا وەزیرە بۆ کاروباری کوردستان، گەڵاڵەی ئۆتۆنۆمیی بۆ کوردستان لەلایەن ئەفسەرێکی سیخوڕی ئینگلیز بەناوی کاپیتان (نەقیب) لاینەوە ئامادەکراوە.

نوری سەعید پاشا سەرۆک وەزیرانی عێراق ئەم گەڵاڵەیەی پەسەند کرد؛ بەڵام عەبدوڵڵای مەلیکی عێراق و پەرلەمانی ئەو وڵاتە ئەم گەڵاڵەیان پەسند نەکرد، ئەوەبوو کابینەی دەوڵەتی نوری سەعید کەوت و، حەمدی پاچەچی هاتە جێی وی و پرسی ئۆتۆنۆمی کوردانی لابرد و، بەڕێوەبەرایەتیی ناوچەکانی کوردستانیشی لەلایەن ئەو ١٠ ئەفسەرە کوردەوە هەڵوەشاندەوە و، بارودۆخی کوردستانی وەک پێشان لێ کردەوە. ئینگلیز چیتر پشتیوانییان لە بارزانی نەکرد، ئەو ئەرکەی پێیان سپاردبوو، لابردنی نوری سەعید بوو ئەویشی بەجێ گەیاند. لەلایەکی ترەوە نێوانی ئینگلیز لەگەڵ تورکیا خۆش ببوو و، نەیدەویست بەهۆی کورد تورکیای لێ دووربکەوێتەوە. گرینگتر لە هەمووی ئەوەبوو لە ماوەی ڕاپەڕینەکەدا، واتە تشرینی یەکەمی ١٩٤٣ تا مایسی ١٩٤٤ لەنێوان ئەفسەرانی کورد و ئەفسەرانی ئینگلیز لەبارەی ئەوەی هەردوولا دەیانویست مەلا مستەفا بکێشنە ژێر کاریگەریی خۆیان، کێشەیەکی توند هەبوو؛ بەڵام بارزانی هەر لەژێر کاریگەرییەتیی ئینگلیزدا مایەوە. سەرەڕای ئەوەی ژمارەیەک لە ئەفسەرانی پێشکەوتووخوازی کورد کە ئینگلیز گومانیان لەسەر نەبوون و، هەر لەلایەن ئەوانەوە بۆ کاروباری کوردستان دیاری کرابوون، بەنهێنی و بەبێ ئاگەداریی ئینگلیز کاریان کردبووە سەر بارزانی، وەک نەقیب میرحاج، خۆشەوی، سەید عەبدولعەزیز، نەهری و... هتد، ئەمانە ئەندامی کۆمەڵەی ژێکاف-یشن. ئەم ئەفسەرانە کارێکی زۆریان کردە سەر بارزانی بۆ ئەوەی بارزانی لە ئینگلیز دابڕێت، بەتایبەتی پاش مایسی ١٩٤٤ کە ئینگلیز بەئاشکرا پشتیان لە کورد کرد و، بەڵێنی خۆیان بەجێ نەگەیاند و، ئۆتۆنۆمیش نەدرا بە کورد. وتووێژەکانی مەلا مستەفا لەگەڵ ئەفسەرە سیاسییەکانی کوردی ئەندامی ژێکاف، بەو ئەنجامە گەیشت کە بۆ گەیشتن بەئۆتۆنۆمیی بۆ کوردستانی عێراق، لە خەبات بەردەوام بن.

***

ئەم پێشەکییە تایبەت بەڕاپۆرتێکە کە یەکێک لە فەرمانبەرانی سۆڤیەت بەناوی ڤیلچیڤیسکی کە لەکاتی شەڕی دووەمی جیهاندا لە کوردستانی ڕۆژهەڵات بووە و، پاش دوو چاوپێکەوتن لەگەڵ ئەفسەرانی کورد و لە پێشەوەی هەموویان میرحاج ئامادەی کردووە و، نووسەر هەندێ بۆچوون و

هەڵوێستی خۆی لەم بارەیەوە دەربڕیوە و، بەشێوەیەکی نالەبار و دوور لە زانست بزووتنەوەی کورد و هێزە سیاسییەکانی هەڵسەنگاندووە. بەگوێرەی نووسینەکەی ئەو بێت بزووتنەوەکانی کورد هەمووی بەدەستی ئینگلیز هەڵگیرساون و، هەر کاتێک ویستبێتی کوردی بۆ بەرژەوەندییەکانی خۆی ڕاپەڕاندووە و سوودی لێ وەرگرتووە. لەهەمان کاتیشدا ئەم نووسراوە بابەتی مێژوویی و بەنرخی تیایە کە نووسەر زۆربەی نووسینەکەی لە دەمی میرحاج و مستەفا خۆشناو و هاوڕێیانیانەوە دەگێڕێتەوە. لەلایەکی تریشەوە خۆی شاهیدی زیندووی زۆر ڕووداو بووە و بەکوردستاندا گەڕاوە و، لەگەڵ زۆر کەس دواوە و، لە نووسینەکەیشیدا کارتێکردنی ئەو شاڵاوە دژ بەکوردییەی لەلایەن دەسەڵاتدارانی دەوڵەتانی داگیرکەری کوردستان و ئینگلیز و نەیار و ناحەزانی کورد وەک کاربەدەستانی ئازەربایجانی سۆڤیەت و ئێرانی، پێوە دیارە. نووسەر زیاتر لەسەر ڕۆڵی ئینگلیز لەناو کۆمەڵگەی کوردەواری و ژیانی سیاسیی کوردستان کە بۆیان گێڕاوەتەوە پێ دادەگرێت و، گەورە و بەرچاویان نیشان دەدا و دەیانکاتە بنێشتە خۆشەی بەرهەمەکەی، وەنەبێت ئەم جۆرە هەڵوێست و بۆچوونە هەر تایبەت بەفەرمانبەرانی سۆڤیەتی بێت؛ بگرە هەر بزووتنەوە، یان ڕاپەڕینێک کە لە کوردستان ڕووی دابێت و، لەبەرژەوەندیی ئینگلیز یان ئەمریکا نەبووبێت، ئەو مۆری تێدابوونی دەستی بێگانە و سەر بەسۆڤیەت بوونیان پێوە لکاندووە، وەک چۆن ڤیلچیڤیسکی بزووتنەوەکانی کوردی لەو سەردەمەدا بە سەر بەئینگلیزبوون تاوانبار کردووە و، هاتنی بارزانییەکانیش بۆ کوردستانی ڕۆژهەڵات هەر بەفەرمانی ئەوان دادەنێت. لەهەمان کاتیشدا لەو سەردەمە ئینگلیز لە عێراق بارزانی بەبەلشەویک و کافربوون تاوانبار دەکەن و، گوایە هاتنەکەی بۆ کوردستانی ڕۆژهەڵات بۆ چەک و یارمەتی وەرگرتن لە سۆڤیەتییەکان بووە و، نیازی گەڕانەوەی عێراقی هەیە و، دەیەوێت کوردستانێکی سەربەخۆی سەر بەسۆڤیەت پێک بێنێت و، سۆڤیەت دەیەوێ لە ڕێگەی کوردی ڕۆژهەڵات و باشووری کوردستانەوە جێ پێی خۆی لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست قایم بکات و، ڕاپۆرتەکەی ڤیلچیڤیسکی ساکاری و پاکی و بێ ئەزموونیی کەسایەتییە کوردییەکانی لەگەڵی دواون، دەردەخات. هەروەها بێ وەفایی و تاوانی کاربەدەستانی سۆڤیەتی بەرامبەر بەو هەستە پاک و خاوێنەی کورد بەرامبەر سۆڤیەت هەیانبووە، پێشان دەدات. ئاشکرایشە هاتوچۆی کوردی گەرمێن، بەتایبەتی ئەفسەرەکان بۆ لای فەرمانبەرانی سۆڤیەتی لە کوردستانی ڕۆژهەڵات هەر لە ١٩٤٣وە و، هێنانی نامە و پەیامەکانی بارزانیی نەمر، لەوانە هێنانی نامەی بارزانی بۆ ستالین و مۆلۆتۆڤ و سیخوڕ و دەزگاکانی پاراستنی بەریتانیا شاراوە نەبووە. لەلایەکی تر پەرەسەندنی پروپاگەندەی لایەنگری لە سۆڤیەت لەناو کورددا و، هەروەها پروپاگەندەی دژی ئینگلیز لەناو کوردی باشوور و ڕۆژهەڵاتدا زۆربەی بەهاندانی کاربەدەستانی سۆڤیەت ڕێک دەخرا، ئەمە وەرچەرخانێکی نالەبار و دوژمنانەی لە سیاسەتی ئینگلیز بەرامبەر بەکێشەی کورد، بەتایبەتی لە کوردستانی باشوور هێنایە گۆڕێ، ڕێگەی وتووێژی ئینگلیز و عێراقی لەگەڵ سەرکردەکانی کورد داخست و، چیتر ئۆتۆنۆمی بۆ کوردستانی عێراق نەهێنرایە پێشەوە. تەنانەت ئینگلیز ئامادە نەبوون، پاش هەڵوەشانەوەی کۆماری کوردستان لە مەهاباد لێبووردنێکی گشتی بۆ گەڕانەوەی بارزانییەکان و دەستەبەرکردنی ژیانیان دەربکەن، لە داردانی ئەفسەرە کوردەکان پاش

ماوەیەکی کەم لە گەڕانەوەیان بۆ کوردستانی عێراق و، گرتن و دوورخستنەوەی بارزانییەکان و داخستنی کێشەی کورد، تۆڵەیەک بوو ئینگلیزەکان بەتاوانی سۆڤیەتخوازی و ڕۆیشتنی بارزانی بۆ سۆڤیەت لە کوردیان کردەوە، تۆ بڵێی نەیانزانیبێت لە سۆڤیەت چی بەسەر بارزانییەکان هاتووە (بڕوانە بەشێکی تری ئەم نووسینە لەم بارەیەوە).

با بگەڕێینەوە سەر ڕاپۆرتەکەی ڤیلچیڤیسکی و سەردەمی شەڕی دووەمی جیهان، زۆر زەحمەتە باوەڕ بەوە بکرێت کە نووسەر دەڵێت: ڕاپەڕینی یەکەمی بارزان لەلایەن ئینگلیزەوە ڕێک خرا، ئەویش بۆ دوو مەبەست، لەناوبردنی نوری سەعید و ڕاکێشانی تورکیا بۆ ناو شەڕی دووەمی جیهان. پێم وایە ئەگەر ئینگلیز گفت و بەڵێنێکیان لەو سەردەمە بەکورد دابێت و، کوردیش سوودی لەو گفت و بەڵێن و یارمەتییەی ئینگلیز وەرگرتبێت، لە پێناوی مافی ڕەوای خۆی ڕاپەڕینەکەی وەپێش خستووە، ئەمە بەو واتایە نییە کورد داردەستە و بەمەیل و خواستی ئینگلیز جووڵاوەتەوە، ڕاپەڕینی کورد درێژەی ڕاپەڕینەکانی پێشوو بووە، لەبەرئەوەی کێشەکەی چارەسەر نەکراوە و ڕێژیمە یەک لە دوای یەکەکانی عێراق هەتاکو ئەمڕۆش جگە لە زمانی زۆر هیچی تر تێ ناگەن. هەر لە سایەی شەڕی بەرگریی ڕۆڵە قارەمانەکانی کورد بووە کە ڕێژیمەکانی عێراق ناچار بوون وتووێژی لەگەڵدا بکەن، یان خواستێکی جێبەجێ بکەن. لەلایەکی ترەوە ئەگەر ئینگلیز (دروستکەری دەوڵەتی عێراق) بەڵێنی داوە و بەجێی نەگەیاندووە ئەوا کورد و سەرکردەکانی تاوانبار ناکرێن، بەپێچەوانەوە ئینگلیز تاوانبارە. لە جێگەیەکی تردا نووسەر باسی ئەوە دەکات کە ئینگلیز پلەی جەنەرال مایۆر (سەرتیپ)ی بە بارزانی داوە. دەبێ بڵێین بارزانی پێویستی بەپلەی جەنەرالی ئینگلیز نەبووە و، قەت جلوبەرگ و پلە یان مووچەی ئینگلیزی وەرنەگرتووە و لەبەریشی نەکردووە (وەکو ئەو پلە جەنەرالییەی کۆمارێکی کوردستان پێی بەخشی و، بەشانازییەوە لەبەری کرد). بارزانی وەک سەرکردەیەکی نەتەوەیی زۆر لە جەنەرالەکان گەورەتر بوو و، ئەگەر پلەی لەشکریی پێ ببەخشرێت دەبێ بەرزترین پلەی پێ بدرێت (زۆر نووسەری کورد و بیانی، بۆ وێنە سۆڤیەتییەکان وەک لەم ڕاپۆرتەیشدا هاتووە دەڵێن ئینگلیز پلەی جەنەرالی بە بازرانی داوە و ئینگلیزیش دەڵێن سۆڤیەت لە مەهاباد و پاشان لە سۆڤیەت بارزانییان کردە جەنەرال و، بوو بەجەنەرالێکی سوپای سوور و، تەنانەت جەنەرالی سووریشیان پێ دەوت)، لەلایەکی ترەوە ئینگلیز لەو دەمەدا دژی ئەڵمانیا لە شەڕدا بوو و، ڕێژیمی عێراقیش دەستەمۆی ئەو بوو و لەژێر دەستیدا بوو واتە هاوپەیمانی بوو، لە نەوتی کوردستان و عێراق بۆ سووتەمەنیی شەڕ سوودی وەردەگرت. نە تەنیا لە عێراق بگرە لە وڵاتانی تریشدا هاوپەیمانی بەرەی دژی فاشیستی هیچ بەرژەوەندییەکی نەبوو و، نەیدەهێشت ئەو دەوڵەتانە تووشی نائارامی و لاوازی بن، نەوەک فاشیستەکانی ئەڵمان سوودیان لێ وەربگرن. ئینجا چۆن نووسەر بەبێ ئەوەی هۆی ڕاپەڕینەکە باس بکات دەڵێت هەڵگیرسانی ڕاپەڕینی یەکەمی بارزان بەفەرمانی ئینگلیز بووە. لە کۆتایشیدا دەڵێت هەر بەفەرمانی ئینگلیز کۆتایی بەڕاپەڕینەکە هات. ڕاپەڕینی دووەمی بارزانیش بەسەرۆکایەتیی شێخ ئەحمەد (نووسەر بەپیاوی ئینگلیز و کۆنەپەرستی دادەنێت) وا باس دەکات کە ئەم ڕاپەڕینە بۆ لاوازکردنی دەوڵەتی عێراق (هاوپەیمانی

ئینگلیز) و لەلایەکی تر بۆ بەهێزکردنی دەسەڵاتی دەرەبەگایەتیی سەرکردە و شێخەکانی کورد ساز کراوە، یاخۆ دەنووسێت کە ئینگلیز بەرێگەی ئێران مستەفا بارزانییان گەڕاندەوە ناوچەی بارزان تا شۆڕش دەست پێ بکاتەوە (نانووسێت بارزانی لە سلێمانی دەستبەسەر بوو و، بەنهێنی گەڕایەوە). بەم بۆچوونەی ڤیلچیڤیسکی بێت ئینگلیزی خاوەن دەسەڵات لە عێراق، ئاخۆ نەیدەتوانی بارزانی ڕاستەوخۆ بەچەک و جبەخانەوە بنێرتە ناوچەی بارزان، یان ناوچەیەکی تر بۆ هەڵگیرساندنی شۆڕش و، ئەو ڕێگە دوور و درێژەی نەخاتەبەر. ئەگەر مەبەستی ئینگلیز لە هەڵگیرساندنی شۆڕش بۆ لاوازکردنی ڕێژیمی عێراق (هاوپەیمانی ئینگلیز) بووە چما نەیدەتوانی لە عێراق کودەتایەک بکا و ڕێژیمێک بێنێتە سەرکار کە گوێڕایەڵی بێت. یاخۆ چ کۆسپێک لەبەر دەمیدا بوو کە کوردستان لە عێراق جیا بکاتەوە و، دەوڵەتێکی سەربەخۆی کوردی دروست بکات. نووسەر هەروەها دەڵێ بارزانی پاش ئەوەی لە پەیمان شکێنیی ئینگلیز بێزار دەبێت و، لێیان دوور دەکەوێتەوە، بەرەو لای دیموکراتخوازەکانی کورد دەچێت. ئەو کاتە ئینگلیز دژی جەنەراڵەکەی خۆیان (مستەفا بارزانی) پروپاگەندە دەکەن و، بەکافر و بەلشەویک و... هتد تاوانباری دەکەن و، براکەی واتە شێخ ئەحمەدی لە دژ هان دەدەن. لەو کاتەیدا ئەفسەرە کوردەکان دەکاتە ئەڵقەی پێوەندیی نێوان مستەفا بارزانی و دەوڵەتی عێراق، لە هەمان کاتیشدا دەنووسێت ئەفسەرە کوردەکان بەبیانووی هەڵوێستی پێشکەوتنخوازانە و، پێوەندی گرتنیان بەبارزانی و ژێکافەوە، لەلایەن ئینگلیزەکانەوە بۆ عەمارە دوور دەخرێنەوە. پاشان میرحاج دێتە کوردستانی ئێران و چ دەکات و چ دەڵێت لە ڕاپۆرتەکەدا هاتووە. نووسەر سەبارەت بەکۆمەڵەی ژیانەوەی کوردستان (ژێکاف) دەڵێت: ئینگلیز توانییان ئەم ڕێکخراوە پیس بکەن و، بیکەنە ڕێکخراوێکی سەر بەخۆیان و، هەر لەسەر ئەم بۆچوونە چەوتە سۆڤیەتییەکان هەولی هەڵوەشانەوەی ژێکاف دەدەن. جگە لەوەش وەک لە ڕاپۆرتەکەدا هاتووە ژێکاف هەڵگری دروشمی کۆنەپەرستانەی (سەربەخۆیی بۆ کوردستان) بووە (ئەم بابەتەم لەچەند ژمارەی گۆڤاری ڕابوون کە لە سوید دەردەچێت ڕوون کردووەتەوە). لەلایەکی تر نووسەر ئاخۆ بۆچوونی خۆی بێت، یان لە دەمی ئەفسەرە کوردەکانەوە گێڕابێتیەوە دەنووسێت کە ڕۆیشتنی بارزانییەکان بۆ کوردستان لەبەر گیروگرفت و کێشەی نێوان شێخ ئەحمەد گوایە دژی شەڕ لە کوردستانی عێراق بووە و، بۆ شێواندنی بارودۆخی کوردەکانی ئێران بووە، لەگەڵ مستەفا بارزانی برای کە سەرئەنجام شێخ ئەحمەد بەناڕەزاییی مستەفا بارزانی دێت بۆ کوردستانی ڕۆژهەڵات و، مستەفا بارزانیی برایشی ناچار بەدوایا دەچێت بۆ ئەوێ. باڵیۆزی سۆڤیەت لە بەغدا زاتیسف بەپێچەوانەی ڤیلچیڤسکی هەر ئەم شۆڕشانەی کوردی بەجوانی و ڕێکوپێکی هەڵسەنگاندووە کە لە بەشێکی تری ئەم بابەتەدا کورتەیەکی هاتووە.

ئەگەر وا دابنێین لەنێوان مستەفا بارزانی و شێخ ئەحمەدی برای بەهۆی بەردەوام بوونی شەڕ و ڕۆیشتن بۆ کوردستانی ئێران، جیاوازی و کێشەیەک هەبووە و، مەلا مستەفا ویستوویەتی ڕاپەڕینەکە لە چوارچێوەی کوردستانی عێراقدا بێت و، ئێران و تورکیا و سۆڤیەت بەهۆی هەبوونی سوپای سوور لە کوردستانی ئێران دژی بزووتنەوەی کورد ڕانەوەستن و، ناوچەی ڕاپەڕینەکە نەخرێتە گەمارۆوە و،

لەپشتەوەی بەرەی ناوچەی ڕاپەڕینەکەدا مەترسییەک نەبێت. خۆ ئەوە هەڵوێستێکی ژیرانە بووە، بەڵام پاشان شێخ ئەحمەد بەقسەی مەلا مستەفا ناکات و دەڕوات بۆ کوردستانی ئێران و زۆربەی پێشمەرگە و خەڵکەکەی لەگەڵدا دەڕوات و، بارزانیش بەهەر شێوەیەک بێ، ئاخۆ بۆ ڕازی کردنی شێخ ئەحمەد بێت کە هەڵوێستی خۆی گۆڕیوە، یان بۆ پشوودان، یان بۆ یارمەتی کوردی ڕۆژهەلات، یان لەبەر پاراستنی هێز و ماڵ و منداڵ لە کوردستانی ڕۆژهەلات دەگیرسێتەوە. شێخ ئەحمەدیش پێ ناچێت بەو جۆرەی نووسەر دەڵێت، ویستبێتی شۆڕش لە چوارچێوەی کوردستانی عێراقدا قەتیس نەکرێت و، کوردستانی ئێران و تورکیاش بگرێتەوە و، بۆ (ئاژاوە نانەوە) یان (دەست تێوەردان) وەک نووسەری ڕاپۆرت دەڵێ، چووبێتە کوردستانی ئێران، لەبەرئەوە شێخ ئەحمەد وەک ئەو دەڵێت دژی شەڕ لە کوردستانی عێراق و کوشتنی سوپای عێراق و، بەکارهێنانی چەکی قورس و، کوشتنی دیلەکانی سوپای عێراق بووە. ڕۆیشتنەکەیشی خۆلادان لە خوێنرێژی و کاول کردنی ناوچەی بارزان و لەناوچوونی خەڵک بووە. لەلایەکی تر شێخ ئەحمەد مرۆڤێکی هەندە بێ ئەزموون و ساکار نەبووە کە لە کوردستانی ئێران هێز و کەسایەتی و سەرکردەی شۆڕشی خۆی هەیە و، ئەو بچێت بۆ ئەوێ و دەست لە کاروباریان وەردات و، بەم کارە هەم کوردی ڕۆژهەلات و، هەم سۆڤیەتییەکان و، هەم ئێرانیش دژی خۆی هان بدات. لە هەمووی گرینگتر لەو دەمەدا کە بارزانییەکان بەژن و منداڵەوە برسی و ماندوو و نەخۆش و بریندار و، بەچەکێکی زۆر کەم پەروازەی کوردستانی ئێران بوون و، تا ناو خاکی کوردستانی ئێران باڵەفڕەی ئینگلیز بۆمبابارانی کردن، بە چ توانا و هێز و عەقلێکەوە بەم کارە هەڵدەستێت، خۆ ئەگەر شێخ ئەحمەد ویستبێتی ئەم کارە بکات ئەوا کوردی ئێران و نوێنەرانی سۆڤیەت بەسوپاکەیانەوە لە ناوچەکە بەرەنگاری دەبوون و، وەدەریان دەنان.. ئەم بۆچوونانەی نووسەر هەمووی بۆ ئاوەژووکردنی ڕاستیی ڕووداوەکان و، بەدناوکردنی بزووتنەوەی کورد بووە و، لەم نووسراوانەدا لەزۆر جێگە ئاماژەم پێ کردووە کە خوێنەرانی بەڕێز دەتوانن پاش خوێندنەوەیان زیاتر لە مەبەستی ئەو جۆرە بۆچوونانە تێ بگەن؛ بەڵام هەر ئاماژەیەکی کورت لە چەند خاڵدا پێویستە:

١- نووسەر دەنووسێت بارزانی و ژێکاف پێوەندییان هەبووە، بڕیار بووە یارمەتیی یەکتر بدەن، ژێکاف پشتیوانیی لە بزووتنەوەی بارزان کردووە و، زۆرجاریش نوێنەریان هاتوچۆی یەکتریان کردووە. واتە هاتنی بارزانییەکان بۆ کوردستانی ڕۆژهەلات بەڕازی بوون و یان هیچ نەبێت بەئاگەداریی بەرپرسانی کوردی ئێران بووە.

٢- بەشداریی کوردی کوردستانی باشوور بەسەرۆکایەتیی بارزانیی نەمر لە پاراستنی کۆمار نیشانی دا کە بارزانی و تەواوی ئەفسەرانی کوردی کوردستانی باشوور لەژێر ئالای کۆماردا بوونە و، داوای هیچ پلە و پایەیەکیان نەکردووە.

٣- عێراق و ئینگلیز و تورکیا و ئێران هەوڵی زۆر دەدەن بارزانییەکان لە کوردستانی ئێران دەربکرێن و، تەنانەت سەرکردەکانی کوردی ناوچەی موکریانیش لەگەڵ نوێنەرانی سۆڤیەت ماوەیەک دەکەونە ژێر کاریگەریەتیی ئەم پروپاگەندانەوە.

٤- باقرۆڤی سەرۆکی ئازەربایجان لە کاتی سەردانی دووەمی قازیی محەمەد بۆ باکۆ داوای لێ دەکات بەزووترین کات بگەڕێتەوە کوردستان و بارزانییەکان لەوێ نەهێڵێت بۆ ئەو مەبەستەی کورد لە ئاستی ئازەرییەکاندا بەهێز نەبێت.

٥- نووسەر و دەیان سیخوڕ و فەرمانبەر و دیپلۆماتی سۆڤیەتی لە کوردستانی ڕۆژهەڵات کە (٩٩٪)یان ئازەری و ئەرمەنی سۆڤیەتی و پیاوی باقرۆڤ بوون، یان بەڕێنوێنیی باقرۆڤ دەجووڵانەوە، پیلانە گڵاوەکانی باقرۆڤیان بەتایبەتی لە بواری پروپاگەندە و لاواز کردن و بەدناوکردنی بزووتنەوەی کورددا بەڕێوەدەبرد، واتە

(أ): بزووتنەوەی کورد لە کوردستانی ڕۆژهەڵات لە ناوچەی موکریان قەتیس بکرێت.

(ب): کوردستان مافێکی کولتووریی لە چوارچێوەی ئازەربایجانی ئێراندا بدرێتێ.

(پ): شارەکانی ورمێ و خۆی و ماکۆ و سەلماس نەخرێتە ژێر دەسەڵاتی کوردی.

(ت): کوردەکانی عێراقی ژێر سەرۆکایەتیی بارزانی دەربکرێن.

(ج): پارتی ژێکاف کە داوای سەربەخۆیی کوردستان دەکات دەبێ لەناو ببرێت، چونکە کوردستانی گەورە مەترسیی بۆ یەکەتیی سۆڤیەت هەیە و، دەبێتە پێگەی ئیمپریالیزم.

(چ): کوردستانی گەورە، تەواوی ئازەربایجانی ڕۆژئاوای ئێران و بگرە کوردستانی سۆڤیەتیش (کوردستانی سوور، کە لە نێوان ١٩٢٣-١٩٣٠ لە چوارچێوەی ئازەربایجانی سۆڤیەتی دامەزرابوو)، بگرێتەوە، کە بەتیرێک دوو نیشان دەپێکێ.

(ح): یارمەتیی سۆڤیەت بۆ کورد لە ڕێگەی تەورێزەوە بێت. وەک لە ڕاپۆرتەکانیشدا هاتووە، دەسەڵاتدارانی ئازەربایجانی ئێران لە تەورێز (وەک پیشەوەری) یارمەتییەکانیان نەگەیاندووە بۆ ئەوەی لەوێش کورد بەهێز نەبێت.

(خ): ئاسووری و ئەرمەنی و قەرەپاپاخەکانی کوردستان لەگەڵ دەسەڵاتدارانی ئازەربایجانی ئێران هاوکاری بکەن و، هەوڵ بدرێت لە کوردەکانیان دوور بخەنەوە.

(د): کادیر و ڕێکخراوی حزبی تودە لە ئازەربایجانی ئێران، دەبێ تەنیا بۆ کاروباری ئازەربایجان هەوڵ بدەن.

(ز): لە وتووێژەکانی سۆڤیەت و ئێراندا کێشەی کورد باس ناکرێت و، تەنیا کێشەی ئازەربایجان بێتە گۆڕێ.

(ژ): لە وتووێژەکانی ئێران و دەستەی نوێنەرایەتیی ئازەربایجانی ئێراندا هەر باسی قەوارە، یان دەوڵەتایەتی، یان کێشەی ئازەربایجان دەکرێت، نەک کوردستان.

(س): کادری ئەفسەری تودە لە هەموو ئێراندا بۆ یارمەتی ئازەربایجانی ئێران بنێردرێت، هەروەها

کادری نیزامیی پەروەردە و تەندروستی و... ئازەربایجانی سۆڤیەت بۆ ئازەربایجانی ئێران تەرخان بکرێت، زانکۆ و نەخۆشخانە و... لە ئازەربایجانی ئێران دروست بکرێت، لە کاتێکدا بۆ کوردستانی ئێران ئەم یارمەتی و ڕێنوێنیانە نەبوون، لە جێگەیەکی تردا بەوردی باسی دەکەین.

(ش): کاروباری مۆسکۆ لە ئێران بەگشتی و، بەتایبەتی لەسەر ئازەربایجان و کوردستانی ئێران، لە ڕێگەی باکــۆ واتە باقــرۆڤــەوە بەڕێوە دەچێت و دیاری دەکــرێت، واتە لە ڕێگەی باقــرۆڤی ڕەگەزپەرستەوە، ئەو باقرۆڤەی پاشماوەی کوردەکانی کوردستانی سووری لە ١٩٤٤دا قەڵاچۆ کرد و گواستیەوە بۆ ئاسیای ناوەڕاست و کازاخستان.

با بگەڕێینەوە بۆ نووسراوەکەی ڤیلچیڤیسکی و واز لە هەڵوێستی باقرۆف بێنین. ڤیلچیڤیسکی دەنووسێت: پاش سەرکوتکردنی شۆڕشی بارزانی لەلایەن ئینگلیز و عێراق کوردەکان هاتنە ناو خاکی کوردستانی ئێران. بەڵام هەر لەو لاپەڕەیەدا خۆی بەدرۆ دەخاتەوە و دەڵێ: ئینگلیزەکان ئەوانیان نارد بۆ کوردستانی ئێران و، هەر لەوێشدا دەڵێت بارزانی نامەی بۆ ئینگلیزەکان نووسیوە و وتوویەتی: «ئێمە دژی ڕژێمی عێراق خەبات دەکەین، ئێوەش بەپێچەوانەی بەڵێنی خۆتان و یاسای نێونەتەوەیی گوندەکانی ئێمە بۆمباباران دەکەن و، ژن و منداڵی ئێمە دەکوژن». تۆ بڵێی مرۆڤێکی ئاوا بەقسەی ئینگلیز بکات و، واز لە شۆڕشی کوردستانەکەی خۆی بێنێت و، بێت بۆ کوردستانی ئێران بۆ ئاژاوە نانەوە. لە هەمان ڕاپۆرتدا دوای ئەو نامەیەش باسی نامەی بارزانی بۆ ستالین و مۆلەتۆف دەکات کە تێیدا بارزانی کاربەدەستانی سۆڤیەت لە بارودۆخی کوردستانی باشوور و کێشەی کورد و تاوانەکانی ئینگلیز ئاگەدار دەکات و، داوا لە سۆڤیەت دەکات وەک هاوپەیمانێکی ئینگلیز لە شەڕ دژی فاشیزم چیتر نەهێڵێت ئینگلیز هەڵوێستی دژی کورد بەڕێوە بەات.

لە نامەیەکی تری بارزانییدا هەروەک لە بەڵگەکانی تردا هاتووە، بارزانی داوا لە ستالین دەکات پشتیوانی لە گەلی کورد و کێشە ڕەواکەی بکات و، کوردستان وەک وڵاتێکی هاوپەیمان و دۆستی سۆڤیەت بناسێت، تەنانەت ئامادەیش دەبێت وەک کۆمارێک بچێتە ریز یان بخرێتە سەر کۆمارەکانی تری سۆڤیەت. ئینجا هەر ئەم بارزانییە (بەقسەی نووسەر) دەبێتە پیاوی ئینگلیز و بەفیتی ئینگلیز دێتە کوردستانی ڕۆژهەڵات بۆ دژایەتیی سۆڤیەت و، بزووتنەوەی کوردی ئێران. سەیر ئەوەیە زۆربەی قسەکانی بەزمانی هاووتوێژەکانیەوە دەگێڕێتەوە و، دەڵێت: "لەوانەیە کوردەکانی بارزانی بۆ بەهار بەم پیلانەی ئینگلیز هەڵسن". بەڵام دیتمان بارزانییەکان لە بەهار نەک تەنیا بەم کارە هەڵنەستان، بگرە پشتیوانیی خۆشیان لە کۆماری مەهابادا ڕاگەیاند و، بوون بەپارێزەری کۆمار و، ئەرکی پاراستنی کۆمار و تێکشکاندنی هەموو هێرشەکانی سوپای ئێرانیان بۆ سەر کۆماری مەهاباد یەک لە دوای یەک گرتە شان. کۆماری کوردستان بەبێ بارزانییەکان ڕاوەستانی زەحمەت بوو، نووسەر لە بەشێکی تری نووسینەکەیدا کە بەناوی بزووتنەوەی کوردی عێراقی لە سەردەمی شەڕی دووەمی جیهاندا هەڵسەنگاندووە دەڵێ: زۆربەی فیۆداڵە گەورەکانی کورد (واتە نیشتمانپەروەر و کەسایەتیی بزووتنەوەی کورد – هەورامی) لە ئینگلیز دڵسارد و بێ هیوا ببوون و، نێوانیان تێک چووبوو، واتە لە ئینگلیز

تۆرابوون. لە هەمان کاتیشدا دەڵێ: ئینگلیز کوردەکانیان دژی عەرەب بەکاردەهێنا. هەروەها دەڵێ: کورد هێرشی کردووەتە سەر بەغدا و بەسرە و شوێنە عەرەب نشینەکانی عێراق. ناڵێت: دژی تەعریب و چەوساندنەوە جولاونەتەوە و، ئەوە عەرەب بووە هاتووە بۆ کوردستان و جێگیر بووە، نەک کوردی هەژار و وەدەرنراو لە نیشتمانەکەی. پاشان نووسەر لێکۆڵینەوەکەی خۆی بەپێی گوایا زانستی مارکسیزم و لینیزم و سۆسیالیستی زانستی هەڵدەسەنگێنێت کە فڕی بەسەر زانستەوە نییە و نووسەر پێش هەموو شتێک لە قۆناخی خەباتی ڕزگاریخوازی کورد تێ نەگەیشتووە و، باوەڕی بەسەربەخۆیی کوردستان و مافی چارەنووسی گەلی کورد نییە و، میتۆدی لێکۆڵینەوەکەی پێش هەموو شتێک بەڵشەویکی و ستالینیستییە یان سۆڤیەتییە کە لە هەموو دنیادا شکستی هێنا و، گەلانی زۆریشی کردە قوربانی. ڤیلچیڤیسکیی سیخوڕ و پەروەردەی قوتابخانەکانی بیرجینسکی و ستالین بۆ کۆکردنەوەی دەنگوباس و پێوەندیی گرتن بەم و بەو هاتووەتە کوردستان و، بۆ جێبەجێ کردنی هەندێ پیلان و سیاسەتی سۆڤیەتی لە کوردستانی ڕۆژهەلات، نەمێژوونووس و نەڕۆژنامەنووس بووە کە کێشەی کورد وەک کێشەی ڕەوای گەلێکی بن دەست ببینێ. ئەم گەلە هانای بۆ هەموو دەوڵەتان (لەگەڵ دەوڵەتەکەی ئەویش) و، کۆمەڵگەی نێونەتەوەیی بردووە کە یارمەتیی چارەسەری کێشەکەی بدەن. بزووتنەوەی کورد بەگەمەی چەند وشەیەکی وەک فیوداڵ و کۆنەپەرست و سەر بەئیمپریالیزم هەڵدەسەنگێنێت و، بەفتوای تیۆری بەڵشەویک (ستالین)ی سۆڤیەتی هەتا ئەو سەرکردانە لانەبرێن و، بزووتنەوەی کورد نەبێتە بەشێک لە بزووتنەوەی عەرەبی عێراق و، دژ بەئیمپریالیزم و، دۆستی سۆڤیەت نەبێت، سەرناکەوێت، تەنانەت ئۆتۆنۆمیشی پێ ڕەوا نابینێت، هەڵبەتە ئۆتۆنۆمیش لە چوارچێوەی عێراق نەک کوردستانی مەزن و سەربەخۆ. دروشمی سەربەخۆیی کوردستان بەدروشمێکی کۆن و ناڕاست و کۆنەپەرستانە دادەنێت و، دڵخۆشیی خۆی دەردەبڕێت کە ژمارەیەک لە کوردە ڕووناکبیرەکان وازیان لەو دروشمە کۆنە هێناوە و جێ پێی فیوداڵ و سەرۆک خێڵەکانیان لێژ کردووە (هەر ئەو فیوداڵانەی بەوتەی نووسەر هێندە دواکەوتوون کە بەرهەمی شاعیر و نووسەرە کوردەکانیان لەسەر خەرجیی خۆیان لە چاپ داوە) و کاری ڕووناکبیری و خزمەتی نیشتمانیان کردووە و بەدرێژایی تەمەنیان بەشداریی بزووتنەوەی گەلەکەیان و یاخۆ یاریدەی بزووتنەوەکەیان داوە. هەر ئەوانەی لێیان کوژرا و تەعریب کران و نەفی کران و زیندان کران و، دەستیان بەسەر و سامانیاندا گیرا و سووکایەتییان پێ کرا و کوڕ و نەوەکانیان تا ئێستەش ئاڵای خەباتی ڕزگاریخوازییان دانەناوە. ئەریستۆکراتیەتی هەر نەتەوەیەکی بن دەست لە تەواوی دنیادا، یان سەرکردەی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی هەر نەتەوەیەک، لە خەبات بۆ سەربەخۆیی وڵاتەکەی بەشدار بووە، ئەریستۆکراتیەتی کوردیش ناتوانێت لەم ڕۆڵە بەدەر بێت. بەدرێژاییی مێژوو ئەم گەلە لەلایەن وڵاتانی داگیرکەری کوردستان و، دەسەڵاتدارانی ڕەگەزپەرستی زاڵ بەسەر کوردستاندا و، هەروەهاش لەلایەن هێزی چەپ و بەناو پێشکەوتووخوازەوە لێی دراوە. زۆرجاریش دەست لەناو دەستی یەکتر بۆ لەناوبردنی کورد تا بۆیان لوابێ یارمەتیی یەکتریان داوە و، زۆرجاریش ئامادەبوون پێکەوە لەیەک بەرەدا لەژێر دروشم یان بەبیانووی خەبات دژی فیوداڵیزم و خێڵ و بورژوا و کۆنەپەرست و بەکرێگیراو پەلاماری

کوردستان بدەن. ئەمانە کە خۆیان بەپێشکەوتوو و ئینتەرناسیونالّ و دۆستی سۆڤیەت و نوێنەری چین و توێژی زەحمەتکێش لە قەڵەم دەدەن و، بە قسەی ئەوان بێ دەبێ ئەو تاخمە کۆنەپەرستانەی ئیمڕۆ سەرکردایەتیی حزب و ڕێکخراو و بزووتنەوەی کوردیان بەئەستۆیە نەمێنن، چەپی کورد و فارس و عەرەب و تورک زۆرجار لەگەڵ دەسەڵاتدارانی سۆڤیەتی و دیکتاتۆر و دەوڵەتە داگیرکەرەکانی کوردستان بەرەیان بەستووە. زۆرجاریش هەر چەپی کوردی دروستکراو بەیارمەتیی دەرەوە و ناوەوە هێزە سیاسییەکانی کوردیان لەت و پەت کردووە، یان بەناردنی کەسی خۆیان بوونەتە سیخوڕ لەناویاندا و، وابزانم خوێنەر بەخوێندنەوەی نووسراوەکان ئەم ڕاستییەی بۆ دەردەکەوێت. زۆرجاریش ئەندام و لایەنگرانی هێزە سیاسییەکانی کوردیان هەڵخەڵەتاندووە، یان نەیانهێشتووە زۆر ڕۆڵەی تێکۆشەر و دڵسۆزی گەلەکەیان بچنە ڕیزی شۆڕشەوە و، بەگیانێکی درۆزنانەی ئینتەرناسیونالیستی فریویان داون. چەپی کوردی وڵاتانی داگیرکەری کوردستان زۆرجار بەفیتی دەرەوە بەرەیان لەگەڵ هێزی کۆنەپەرست و، چەوسێنەوەی گەلانی دەسەڵاتدار بەستووە.

با بگەڕێینەوە سەر نووسراوەکەی ڤیلچیڤیسکی کە چەند نازانستییانە باسی حزبی هیوا دەکات کە بووەتە تەکیەی شێخ و مەلا و دەروێشی کورد و، زکری ئینگلیزی دەکەن، نووسەر هەروەها باسی هەڵوێستی ئەفسەرە کوردەکان دەکات کە لە ئابی ١٩٤٢دا بەنهێنی میرحاج دەنێرنە لای کاربەدەستانی سۆڤیەتی لە کوردستانی ئێران و، ئامادەییی خۆیان دەردەبڕن تا لەگەڵ سوپای سووردا بچن بۆ بەرەکانی شەڕی سوپای سۆڤیەت دژ بە ئەڵمان و، پێیان باشترە لەگەڵ سۆڤیەتییەکان گیانی خۆیان بەخت بکەن نەک لەگەڵ سوپای ئینگلیز. تۆ بڵێی هەست و هەڵوێستی لەمە پاکتر و جوانتر هەبێت. کەچی لەوێش پاش ئەو هەموو دەردی دڵ کردن و، هەرچی نهێنیی دڵیان و پلانیان هەبووە بۆ نووسەری دەگێڕنەوە بەڵام باوەڕیان پێ ناکرێ. لێرەدا نامەوێ بەدرێژی لەم بارەیەوە زیاتر بدوێم. بڕوانە وەڵامی نوێنەری سۆڤیەت بۆ میرحاج. نە ئەم هەستەی میرحاج و، نەهاتنی بەکۆمەڵی بارزانییەکان بۆ ڕۆژهەڵات، پاش ئەو هەموو خەبات و ئاوارەیی و خوێن ڕشتنە هەستی مرۆڤانەی سۆڤیەتییەکان ناجووڵێت، بگرە هەوڵی زۆریشیان دا لە کوردستانی ئێران وەدەریان بنێن. ڕاکردنی ئەفسەرەکان لە زیندانەکانی عەمارە و، بارزانیش لە سلێمانییەوە بۆ هەڵگیرساندنەوەی شۆڕش، ئەویش نابێتە هۆیەک تا باوەڕیان پێ بکەن. واتە لە دەستی ئینگلیز هەڵهاتوون بەڵام زۆر بێ شەرمانە تاوانی ئەوەیان پێ دەدرێت کە ئینگلیز ناردوونی. جگە لەوەی میرحاج هەستی هاوڕێیانی خۆی و گەلی کوردی بەرامبەر سۆڤیەت دەربڕیوە، هەروەها پێوەندیی هاوڕێ ئەفسەرەکانی خۆی بەحزبی شیوعی عێراق دەردرکێنێ کە دۆستانەیە و بەهاوپەیمانیی بزووتنەوەی کوردی دادەنێت و، دەڵێ ڕۆڵێکی بەرچاویان لەناو کورددا هەیە و، کورد یارمەتی ئەو پارتییە زۆر دەدات. نووسەر لە زمانی میرحاج و هاوڕێیانییەوە تەواوی چالاکیی ئینگلیز لە کوردستان وەردەگرێت؛ بەڵام هەرگیز پێشنیازی بەدەوڵەتەکەی و کاربەدەستانی سۆڤیەت نەکردووە کە ئێمە (سۆڤیەت) بۆ ڕۆڵێکی ئاوامان لەناو کوردەکاندا نییە و، گۆڕەپانمان بۆ ئەوان چۆل کردووە. سەرەڕای ئەوەش کە کورد بەرەو لای ئێمە دێن، ئێمە ناچین بەهانایانەوە. مەبەستی نووسەر لەم گێڕانەوەیە زیاتر بۆ بەستنەوەی کورد

بەئینگلیزە کە سەرەنجام نابێ باوەڕیان پێ بکرێت. هەروەها بۆ ئەوەی بڵێ هەموو کاروباری کوردستان لە دەستی ئینگلیزدایە و، کوردستان پڕ لە سیخوڕ و دەسکیزی ئینگلیزە. سەیر ئەوەیە ئینگلیز پیاوەکانی خۆی فێری زمان و مێژوو و ئەدەبی کوردی کردووە و، پێوەندییان بەنوێنەرانی کوردەوە هەیە؛ بەڵام جێگەی پیاوانی سۆڤیەت بەتاڵە و، کادیر و پسپۆری کوردزانیان نییە. ئینگلیز پارە دەدات، چەکیان پێ دەدا، ڕۆژنامە و گۆڤاری کوردی دەردەکات، بەڵام لە بەرامبەریدا سۆڤیەتییەکان شتێکیان بۆ کورد نییە و، بێ پلان و بێ بەرنامە و بێ هەڵوێستن، هەروەها چالاکیی دەوڵەتانی تر وەک ئەمریکا و فەرانسە و تورکیا لەناو کورددا هەیە کە ڤیلچیڤیسکی لە زمانی ئەفسەرە کوردەکان دەگێڕێتەوە، بەڵام وەڵامی ڤیلچیڤیسکی لە ڕاپۆرتی سەفیری سۆڤیەت لە عێراق (زاتیسڤ)دا هەیە کە پێویست بەدووبارە کردنەوەی ناکات. میرحاج و هاوڕێیانی لەکاتێکدا واتە لە مانگی کانوونی دووەمی ١٩٤٦ بۆ جاری دووەم لەگەڵ ڤیلچیڤیسکی چاوپێکەوتنیان دەبێت، باسی بەهەشتی کوردەکانی سۆڤیەت و بەختەوەرییان بۆ دەکات کە ١٦ ساڵ بەسەر هەڵوەشاندنەوەی کوردستانی سوور و ٩ ساڵ بەسەر (ئەنفال)ی سۆڤیەتی ستالینی و، ساڵ و شتێکیش بەسەر ئەنفالی دووەمی کوردەکانی سۆڤیەت تێپەڕ بووە و، نازانێت یان نازانن کە کوردەکانی سۆڤیەت بەواگۆنی ئاژەڵ گواستنەوە سات چواری بەیانی و، بەگەمارۆدانی شار و گوندەکانیان کە ناهێڵن هیچ لەگەڵ خۆیان بەرن، دەگوازرێنەوە بۆ کازاخستان و، ئاسیای ناوەڕاست و، ژمارەیەکیشان بۆ سیبریا. پرسیار و داوا لە ڤیلچیڤیسکی دەکەن کە هەندێکیان لەسەر بار و ژیان و بەختەوەریی ژیانی کوردەکانی سۆڤیەت بۆ بدوێت. ئەوان ئاوات بەژیانی کوردەکانی سۆڤیەت دەخوازن، بەڵام ڤیلچیڤیسکی چیی پێ نابێت و، بۆیان باس ناکات کەوا چی بەسەر کوردی سۆڤیەت هاتووە. بۆ خۆیشی ماوەیەکی زۆر لە ئازەربایجان و ئەرمینیا و بەتایبەتی لە تەفلیس ژیاوە و، شاهیدی بەکۆمەڵ گواستنەوەی کوردەکانی قەفقاز بووە، تاوانی ستالین و مۆلۆتۆڤ و بیریا و باقرۆڤیان بۆ باس ناکات، ناڵێت کوردی سۆڤیەت مافەکەیان لێ وەرگیراوەتەوە و، نیشتمانەکەیان لێ زەوت کراوە. تۆ بڵێیی میرحاج و بارزانیی نەمر و هاوڕێیانی کە پەروازەی سۆڤیەت بوون، ئەم ڕاستییەیان بەچاوی خۆیان نەدیتبێ، تۆ بڵێیی هەموویان هەستیان بەوە نەکردبێت کە بۆ نەیاندەهێشت لەناو پاشماوەی کوردەکانی سۆڤیەت لە لاچین و شوش و کەلباجار و قوبادلی (کوردستانی سوور)دا بمێننەوە و، لەگەڵ براکانیاندا بژین.

هێندەی پێ ناچێت بارزانیی نەمر و میرحاج و هاوەڵەکانیان لەوێش نەفی دەکرێن و پچڕپچڕیان دەکەن و، هەر ژمارەیەکیان بۆ شوێنێک بەڕێ دەکەن و، دەستبەسەر وەک دیلی شەڕ لەگەڵیاندا دەجووڵێنەوە (بڕوانە بەڵگەکانی مانەوەی بارزانییەکان لە سۆڤیەت).

***

**بۆ کـۆمـیـتـەی ناوەندیی پارتی کـۆمـۆنیـسـتی یەکـەتیـی سـۆڤـیـەت (بەلشەویک)- بەشی سیاسەتی دەرەوە**

نهێنی

بۆ هاوڕێ سۆسلۆڤ. م. ئا

سەبارەت بەکێشەی کورد کۆپیەی ئەم کەرەستانەتان بۆ دەنێرم:

١- پرۆتۆکۆلی وتووێژ لەگەڵ کەسایەتییەکانی بزووتنەوەی نەتەوەییی کورد.

٢- پرۆگرامی پارتی دیموکراتی کورد لە عێراق و بەیاننامەی ئەم حزبە.

٣- پرۆگرامی حزبی دیموکراتی کوردستان.

تێبینی: کەرەستەی ناوبراو (٧٣) لاپەڕەیە.

١٩ی نیسانی ١٩٤٦

سەرۆکی بەڕێوەبەرایەتیی بەرزی بەشی حەوتەمی دەزگای سیاسی بورتسۆڤ.م

پرۆتۆکۆل-

وتووێژەکـان لە ١٦ و ١٧ و ١٨ی کـانوونی دووەم، لە ورمێ و، لە ٢٢ کـانوونی دووەم لە شاری تەورێز لەگەڵ کەسایەتییەکانی بزووتنەوەی کورددا کراوە.

**ئاگەداریی گشتی**

دوای سەرکوتکرانی ڕاپەڕینی خێڵی بارزان بەسەرۆکایەتیی مستەفا بارزانی لە ئابی ١٩٤٥ لە ناوچەکـانی باکـوری عـێـراقـدا، ژمـارەیەک لە کـەسـایەتیی بزووتنەوەی نەتەوەییی کورد لەگەڵ بارزانییەکاندا دەربەدەری ئێران بوون کە ئەمانەن:

١- هەمزە عەبدوڵڵا (پارێزەر).

٢- ئەنوەر عەبدوڵڵا (فەرمانبەر- مووچەخۆر).

٣- وەهاب محەمەد عەلی ئاغا (سەرۆکی خێڵی باڵەک نێزیکی ڕەواندز).

٤- مستەفا خۆشناو (کاپیتان -نەقیبی سوپای عێراق).

٥- میرحاج ئەحمەد (کاپیتان -نەقیبی سوپای عێراق).

٦- بەکر عەبدولکەریم (کاپیتان -نەقیبی سوپای عێراق).

٧- سەید عەزیز عەبدوڵڵا نەهری کوڕی شێخ لەتیفی نەهری.

٨- محەمەد مەحموود (لیتینانت -ملازم سوپای عێراق).

٩- عەبدولڕەحمان سالیب (لیتینانت -ملازم سوپای عێراق).

١٠- نوری ئەحمەد تەها (لیتینانت -ملازم سوپای عێراق).

هەمـوو ئەو کـەسـانە و ژمـارەیەکی تریش بەتاوانی بەشـداری لە ڕاپەڕینی بارزان لە (مـانگی کـانوونی دووەمی ١٩٤٦)ەوە لەلایەن دادگـەیی نیـزامـیی لەشکری دووی سوپای عێراقـەوە لە کەرکوک لەپاشملە بەمردن دادگە کراون. ئێسـتە ئەمـانە لەناو کوردەکانی ئێران لە شنۆ، دەشتەبێل، تەرگەوەڕ، مەرگەوەڕ، مەهاباد و شوێنەکانی تردا

دەژین و، بەردەوامن لە کاروباری پارتایەتیی خۆیان. سێ کەس لەمانە واتە: هەمزە عەبدوڵلا، مستەفا خۆشناو و میرحاج ئەحمەد، ئێستە لە شنۆدا دەژین و بەسەردان هاتبوونە تەوریز، من توانیم بەوردی لەسەر بارودۆخی کوردستان لەگەڵیاندا بدوێم.

## بیوگرافیی بەشدارانی وتووێژەکە

١- میرحاج ئەحمەد: ٣٥ ساڵە، سەڵتە (ژنی نەهێناوە)، دایک و باوکی کۆچی دواییان کردووە، کوڕی فەرمانبەرێکی بچووکە، دوو ساڵ لە قوتابخانەی نیزامیی خوێندووە، بەپلەی ئەفسەر قوتابخانەکەی تەواو کردووە و، بووەتە ئەفسەری سوپای عێراق. پاشان خولێکی شەش مانگیی ئەفسەری تۆپخانەی تەواو کردووە و، هەروەها هەندێ کۆرسی خولی باڵەفڕەوانی و، هەندێ کۆرسی بۆ ئامادەکردنی ئەفسەرانی تەکنیکاری بینیوە. ١٠ ساڵە کاروباری ئەفسەری دەکات و، دوایین پلەی کاپیتان – نەقیبی تۆپخانە بووە، یەکێک لە چالاکەکانی بزووتنەوەی نەتەوەییی کوردە. ڕێکخەری دەستەی ئەفسەران و سەربازانی دیموکراتخوازی کورد لەناو کوردەکانی سوپای عێراق بووە. لە ١٩٤٢ یەکێک لە دامەزرێنەرانی پارتی ژێکاف و، هەروەها پارتی دیموکراتی کوردی عێراق بووە.

لە ئابی ١٩٤٢ میرحاجم لە مەهاباد بینی، بەپێی ڕاسپاردەی دەستە ئەفسەرە دیموکراتخوازەکانی کوردی ناو سوپای عێراق لە عێراقەوە هاتبووە مەهاباد و پێشنیازی پێ کردین کە ژمارەیەک لە ئەندامانی ئەفسەرانی کوردی دەستەی ناوبراو ئامادەن بچنە بەرەی شەڕی سۆڤیەت – ئەڵمانیا، ئەوانە لە ڕابردوودا لە کارگەکانی فۆرد لە ئەمریکا کاریان کردووە و، شارەزای چاککردنەوەی ئۆتۆمۆبیل و باڵەفڕەن. لەم هەلومەرجە دژوارەی یەکەتیی سۆڤیەت تێیدا دەژیێت و لەو کاتەیدا کوردێکی زۆر لەژێر کاریگەرییەتیی پروپاگەندەی ئەڵمانیادا باوەڕیان بەسەرکەوتنی کۆمەڵگەی نەتەوەکان بەسەر فاشیزمدا نەبووە، میرحاج چالاکێکی دژە فاشیزمی لەبواری پروپاگەندەدا بوو و، سۆزی خۆی بۆ سۆڤیەت نەشاردووەتەوە. هەڵوێستی میرحاج لەو کاتەدا بەرامبەر بەئینگلیز نەرێنی (نێگەتیڤانە) بووە گەرچی پێی وابوو هەڵسوکەوت دژی ئینگلیز لەو کاتەدا کە ئینگلیز دژی فاشیزم شەڕ دەکەن پێویست نییە. دوای یەکەم ڕاپەڕینی کوردەکانی بارزان لە ١٩٤٣دا لەگەڵ ژمارەیەکی تر لە ئەفسەرانی کوردی سوپای عێراق وەک ئەڵقەی پێوەند و نێوبژیکەری نێوان دەوڵەتی عێراق و کورد دیاری کرا و، وەک فەرماندەی نیزامیی ناوچەی ئاکرێ بوو. ئەم کارەی ئەو بوو بەهۆی نێزیک بوونەوەی لەگەڵ مەلا مستەفا بارزانی، لە ١٩٤٤دا کاتێک ئینگلیز ئاگەداری چالاکیی میرحاج لەناو بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کورددا بوون، دەیگرن و ڕەوانەی ئۆردوگای زۆرەملێی دەکەن، لەوێ چەند مانگێک ژیان دەباتە سەر، لە ١٩٤٥دا میرحاج بەشداریی

ڕاپەڕینی دووەمی بارزان دەکات.
٢- مستەفا خۆشناو: ٣٢ ساڵە، ژندارە و سێ منداڵی هەیە، بنەماڵەکەی لای خزمانیەتی لە سلێمانی، خزمەکانی ئەو ماڵ و منداڵەکەیان لە ترسی دەستدرێژیی دەوڵەتی عێراق شاردووەتەوە. ناوبراو لە بنەماڵەیەکی جوتیارە و، ئەویش وەکو میرحاج خوێندنی سوپاییی تەواو کردووە. مستەفا خۆشناو نێزیکترین دۆست و هاوبیری میرحاجە. ئەوان پێکەوە دەستەکانی ئەفسەری دیموکراتخوازی کوردیان لەناو سوپای عێراقدا ڕێک خستووە و، پاشانیش بوونەتە ڕێکخەری کۆمەڵەی ژێکاف و، پارتی دیموکراتی کورد لە عێراق.
خۆشناو لە دوای ڕاپەڕینی یەکەمی بارزانەوە بووە یەکێک لە ئەڵقە پێوەندییەکانی کورد و دەوڵەتی عێراق و، لەبواری سیاسی و بۆچوونیشدا زۆر لە میرحاجەوە نێزیکە.
٣- هەمزە عەبدوڵڵا: ٣٥ ساڵە، سەڵتە، باوکی لە شەڕی یەکەمی جیهاندا بەدەستی سوپای ڕوسیا کوژراوە، پارێزەرە، ئەندامی حزبی شیوعی عێراقە، پێش ئەوەی حزبی شیوعی عێراق ژیانی نهێنی دەست پێ بکات. ئاوارەی تورکیا بووە و، چەند ساڵێکی لەناو کوردەکانی تورکیادا بەناوی مەلا ڕەحیم بردووەتە سەر. کە بۆ عێراقیش دەگەڕێتەوە لە کارگەکانی مووسڵ کار دەکات و، کاری حزبایەتیش بەڕێوە دەبات. یەکێک لە ڕێکخەرانی بەشی کوردی بووە لەناو پارتی کۆمەنیستی عێراق و، ڕۆڵێکی بەرچاوی لە پێکهێنانی جیهانبینیی دیموکراتخوازیی کوردە ئەفسەرەکانی سوپای عێراق - لەوانە میرحاج و مستەفا خۆشناودا - بینیوە، چالاکانە بەشداریی لە ڕاپەڕینەکەی بارزاندا کردووە و، یەکێک بووە لە ڕێکخەرانی پارتی دیموکراتی کورد لە عێراق و، نووسەری بەرنامەی ئەو حزبەش بووە.

**لەبارەی ڕاپەڕینی بارزانییەکان**

بزووتنەوەی کوردەکانی بارزان لە دژی دەوڵەتی عێراق لە مێژە سەری هەڵداوە، ئەم ڕاپەڕینە لەلایەن شێخەکانی بارزانەوە پشتیوانی و سەرکردایەتی دەکرێت، لەم سەردەمەدا ئەم کەسانەی خوارەوە دەسەڵاتیان هەیە:
١- شێخ ئەحمەد: ڕێبەری بنەماڵەی شێخەکانی بارزانە «خودانی خێڵی بارزانە» و مرۆڤێکی سادە و ئاینییە، ئینگلیزەکان ڕۆڵێکی زۆریان لەسەر داناوە و، لە بواری سیاسییەوە لاوازە(*).

(*) لە سەرتاسەری ئەم بەڵگەنامەدا، ڕاپۆرتنووسانی ڕووس بێ بەروا هێرش و پەلامار دەبەنە سەر سەرکردەی نەمر شێخ ئەحمەدی بارزان. سەرکردە نەتەوەییەکانی کورد بەلای کۆمۆنیستانی ڕووسەوە هەمیشە (کۆنەپەرست و دواکەوتوو و لاواز) بوون.لە کاتێکدا کە شێخ ئەحمەدی بارزان یەکێکە لە سەرکردەکانی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کوردستان و مایەی شانازیی نەتەوەکەمانە. بڵاوکەرەوە: ئاراس.

٢- مەلا مستەفا بارزانی: برا بچووکی شێخ ئەحمەدە، بەپێچەوانەی براکەی خۆی و شێخەکانی تری بارزان مرۆڤێکی خوێندەوار و رۆشنبیر و سیاسی و پێشکەوتنخوازە، شێخەکانی تری بارزان گوێڕایەڵ و لەژێر کاریگەریەتیی شێخ ئەحمەددان و، وەک ئەو کۆنەپارێز و ئایینین، ئینگلیز کاریگەرییان لەسەر ئەوانیش هەیە، هەموو ئەمانەش برا یان خزمی شێخ ئەحمەدن و ناوەکانیان بەم جۆرەیە:

١- شێخ سادق.

٢- شێخ سلێمان.

٣- شێخ محەمەد خالید.

٤- شێخ جەمال.

یەکەم ڕاپەڕینی بارزانییەکان لە مانگی ئەیلوولی ساڵی ١٩٤٣دا دەستی پێ کرد و، ٣ مانگی خایاند، ئەو ڕاپەڕینە لەلایەن ئینگلیزەکانەوە بۆ ئەم مەبەستانە ئامادە کرابوو:

یەکەم: کابینەکەی نوری سەعید لەکار بخات.

دووەم: کار لە تورکیا بکات تا بەشداریی شەڕ بکات.

تەواوی ئامادەکردنی ڕاپەڕینەکە و، دانانی پلانەکانی، بە بەشداریی ڕاستەوخۆی ئەفسەرانی سیاسیی ئینگلیز بوو. بۆ سەرکردایەتیی ڕاپەڕینەکەش، ئینگلیز مەلا مستەفایان هەڵبژارد کە دەبوو بەپێوەندی لەگەڵ شێخ ئەحمەد و بەناوی ئەوەوە بجوولێتەوە تا دەست پێ کردنی ڕاپەڕینەکە. کاتێک مەلا مستەفا لە سلێمانی دەژیا، ئەفسەرێکی سیاسیی ئینگلیز بەناوی کاپیتان (نەقیب) جۆنسۆن کە فەرماندەی باڵەفڕەوانان بوو، چووبوو بۆ لای و پێکەوە پلانی گشتیی ڕاپەڕینەکەیان داڕشتبوو. لەم بارەیەشەوە لەندەنی ئاگەدار کربووەوە. دەوڵەتی بەریتانیا لەبەرامبەر ئامادەکردنی ئەم پلانەدا پلەی جەنەراڵ- مایوری بە مەلا مستەفادا، تاکو بەم شێوەیە بەرەولای خۆی ڕای کێشێت. جۆنسۆن کە ئەرکی دەوڵەتی جێبەجێ کرد، ڕۆیشت و لە جێگەی ئەو کاپیتان (نەقیب) شوتیر Shuter هات. ناوبراو لەگەڵ مەلا مستەفادا پلانی ڕاپەڕینەکەیان بەشێوەیەکی کۆنکرێتی داڕشت. بۆ ئامادەکردنی زەوینەی ڕاپەڕینەکەش، بڕیار درا لەناو خێڵە کوردەکانی تریشدا هاوپەیمان بدۆزنەوە. بە دەستووری شوتیر، مەلا مستەفا لە سلێمانییەوە بەرێگەی (سەقز - سەردەشت - مەهاباد - کولیچ - بارزان) گەیشتەوە ناوچەی بارزان. کاتێک مەلا مستەفا دەگاتە بارزان، کاپیتان (نەقیب) ستیبنگ Stebing وەک ئەفسەری سیاسی دەچێتە لای و، بۆ دابینکردنی پێویستییەکانی ڕاپەڕین ٦٠٠ دیناری پێ دەدات. کاپیتان (نەقیب) ستیبنگ لە کاتی ڕاپەڕینەکەدا لای مەلا مستەفا دەمێنێتەوە. هێزەکانی لەشکری دەوڵەتی عێراق لە دژی ڕاپەڕینی کورد لەژێر سەرکردایەتیی گشتیی جەنەراڵ ئینگلیز برۆمیلۆ Bromilow دا

بوون، جەنەرال برۆمیلۆ بەفەرمانی لێپرسراوە بەرزەکان، چالاکیی هێزەکانی عێراقی وا ڕێک خست کە بوار بە مەلا مستەفا بدا هێزەکانی عێراق تێک بشکێنێت.

ڕاپەڕینەکە بەگەرمی دەستی پێ کرد و پەرەی سەند و خەڵکێکی زیاتریش بەشدارییان تێدا دەکرد. سەرئەنجام دەوڵەتی عێراق ناچاربوو لەگەڵ مەلا مستەفادا بکەوێتە وتووێژەوە و ناوبراوی وەکو سەرۆکی کوردی عێراق وەرگرت و، بەگشتی داخوازییەکانی ئەوی سەبارەت بە ئۆتۆنۆمی بۆ کوردستانی عێراق پەسند کرد.

هاوکات دەوڵەتی عێراق لەوەش دەترسا کە بزووتنەوەی کورد پەرە زۆرتر بسێنێت و، ناوەرۆکی قوولتر ببێت، بۆیە لە نامەکەیدا بۆ باڵیۆزی ئینگلیز لە عێراق بەناوی کورنڤالیس Kornwlis داوای یارمەتیی کرد، باڵیۆزی ئینگلیزیش وەک ناوبژیکارێک کەوتە نێوان عەرەب و کوردەوە. نامەیەکی بۆ مەلا مستەفا نارد و بەناوی دەوڵەتی ئینگلیز داوای ڕاگرتنی ڕاپەڕینی کوردانی لە مەلا مستەفا کرد. لە نامەکەدا هۆی ئەو داخوازییەی بۆ مەلا مستەفا ڕوون کردبووەوە کە عێراق شان بەشانی ئینگلیز و سۆڤیەت دژی ئەڵمانیای فاشیزم و هاوپەیمانەکانی شەڕ دەکات. هەروەها لە نامەکەدا، دەوڵەتی ئینگلیز بەڵێنی بەکوردەکان داوە پاش تێکشکاندنی فاشیزم و کۆتایی هاتنی شەڕ، پشتیوانی لە داخوازیی کورد بکەن. دەقی نامەکە لەلایەن پالکوڤنیک لین Lyne کە سەرکردایەتیی کاروباری ئینگلیز لەناو کورداندا دەکات بۆ سەر زمانی کوردی وەرگێردرابوو و، بە دوو زمانی کوردی و عەرەبیش چاپ کرا و لەناو کوردە سەرهەڵداوەکان و، کوردەکانی تری عێراقیشدا بڵاو کرایەوە. مەلا مستەفا ڕاگرتنی ڕاپەڕینەکەی پەسند کرد. بەپێی بڕیاری هاوبەشی دەوڵەتی عێراق و ئینگلیز لەلایەک و، کوردە ڕاپەڕیوەکان لەلایەکی ترەوە، ژمارەیەک لە ئەفسەرە کوردەکانی سوپای عێراق وەک ئەفسەرانی سیاسی بۆ ناوچەکانی ڕاپەڕین نێردران. ئەوان وەک ئەڵقەی پێوەندیی نێوان سوپای عێراق و مەلا مستەفا بوون و، وەکو نوێنەری دەسەڵاتی مەدەنی و لەشکری لە ناوچە کوردییەکاندا مانەوە. ژمارەی ئەوانە ١٠ کەس بوون، ئەم کوردانە ئەفسەر بوون و، لەژێر دەسەڵاتی ئەفسەری سیاسیی ئینگلیز بەناوی پالکوڤنیک (عەمید) کینگ King بوون و، لە ڕیزی ئەم ئەفسەرانەشدا ئەمانە هەبوون:

١- جەنەرال عیزەت عەزیز: کەسایەتیی نێزیک بەشێخەکانی بارزان، خوشکی عیزەت ژنی شێخ سادقی برای شێخ ئەحمەدە، تەواوی تایفەی عیزەت عەزیز خزمی نێزیکی شێخەکانی بارزانن.

جەنەرال عیزەت فەرماندەی ئەرکانی دووی لەشکری سوپای عێراق بوو لە کەرکووک، ناوبراو پێوەندییەکی نێزیکی لەگەڵ کەسایەتییەکانی کورد و عەرەبدا هەبوو، هەروەها لەگەڵ ئینگلیزەکانیشدا ئەو جۆرە پێوەندییەی هەبوو. عیزەت عەزیز تاکە ئەفسەرێکی

کورد بوو کە هێشتوویانە بەپلەی ئەرکانی سوپای عێراق بگات.
مایۆر عیزەت وەک فەرماندەی ناوچەی بارزان دەستنیشان کرا و، بوو بەنوێنەری سیاسیی دەسەڵاتدارانی عێراق لە ناوچە کوردنشینەکاندا.
٢- پالکوڤنیک (عەمید) ئەمین ڕەواندوزی: وەک فەرماندەی ناوچەی ڕەواندوز دیاری کرا.
٣- کاپیتان (نەقیب) مستەفا خۆشناو: فەرماندەی ناوچەی زێبار.
٤- کاپیتان (نەقیب) میرحاج: فەرماندەی ناوچەی ئاکرێ.
٥- سەید عەزیز شەمزینی نەهری: فەرماندەی ناوچەی مێرگەسور.
٦- کاپیتان (نەقیب) فوئاد عارف: فەرمانداری قەڵادزە، واتە ناوچەی پشدەر.
٧- کاپیتان (نەقیب) مەجید عەلی: فەرمانداری ئامێدی.
٨- بەهائەدین نوری پاشا: فەرمانداری سلێمانی، ناوبراو فەرماندەی تەواوی ئەو ناوبژیکارە تازە دانراوانەیە.

سەرکردەی تەواوی کاروبارەکانی دامەزراندنی ئۆتۆنۆمیی ناوچە کوردییەکانی عێراق ماجید مستەفایە کە کوردە و خەڵکی سلێمانیە، وەک وەزیری بەدەسەڵاتی دەوڵەتی عێراق State Minister دانراوە. سەرۆک وەزیرانی عێراق جەنەراڵ نوری سەعید، سەرۆکە کوردەکان لای خۆی کۆ دەکاتەوە و، لە کۆبوونەوەکەدا ڕادەگەیەنێت کە ئەم کردەوانە، هەنگاوی یەکەمی ڕێکخستنی ئۆتۆنۆمیی کوردەکانی عێراقە. سەرکردە کوردە بەشداربووەکانی ئەم کۆ بوونەوەیە، کاغەزێکی تایبەتییان مۆرکردووە، تێیدا ئەم هەنگاوانەیان پەسند کردووە. ئەم ڕووداوە لە نیسانی ساڵی ١٩٤٤دا بووە، ئەم جۆرە هەنگاوانە زیاتر لە سێ مانگ درێژەیان کێشا.

ئەفسەرانی سیاسیی ئینگلیز لە کوردستان لەگەڵ پالکوفنیک (عەمید) لاین کۆ دەبنەوە و، ڕاپۆرتێکی تایبەت لەسەر بارودۆخی کوردستان بەئیمزای عەمید لاین ئامادە دەکەن، لە ڕاپۆرتەکەدا هاتووە:

«پێویستە سەربەخۆیی بەکوردەکانی عێراق بدرێت، هەروەها پێویستە جێگری سەرۆک وەزیرانی عێراق کورد بێت و، بەڕێوەبەرایەتییەکی تایبەتیش سەبارەت بەپەروەردە و دادگە لە ناوچە کوردییەکاندا دابمەزرێت و، تەواوی هەر پێنج لیوا کوردییەکانی عێراق لەیەک ویلایەتی ئۆتۆنۆمیدا یەک بخرێن. کوردەکان بەتەواوی ئامادەی وەرگرتنی ئۆتۆنۆمین و، دەتوانن بەبێ یارمەتیی بێگانە خۆیان بەڕێوە ببەن».

ئەم ڕاپۆرتە ئاراستەی کابینەی وەزیران کرا و، لەلایەن نوری سەعید سەرۆک وەزیرانی عێراقەوە پەسندکرا. ئەم دۆکیومێنتە هەروەها لەلایەن زۆربەی وەزیرانی کابینەکەی نوری سەعیدەوە پەسند و ئیمزا کرا. بەڵام نەمەلیک عەبدوڵڵا و، نەپەرلەمانی عێراق ئەم پێشنیازەی کابینەی وەزیرانی عێراقیان پەسند نەکرد و، گەڵاڵەی ئۆتۆنۆمیی

کوردانیان دایە دواوە و، بووە هۆی کەوتنی کابینەکەی نوری سەعید و هاتنە سەرکاری حەمدی پاچەچی. لە کۆتاییی مانگی مایسی ١٩٤٤دا سیستەمی نێوبژی کردنی ئەفسەرانی کورد هەڵوەشایەوە و، بەڕێوەبەرایەتیی کۆن لە ناوچە کوردییەکاندا دامەزرایەوە. لەم ماوەیەدا – واتە لە تشرینی یەکەمی ساڵی ١٩٤٣ –ەوە تا مایسی ١٩٤٤ ململانێ و خەباتێکی زۆر بۆ کارتێکردنە سەر مەلا مستەفا بارزانی لە نێوان سیخوڕەکانی ئینگلیز و ڕێکخراوە دیموکراتییەکانی کورد بەردەوام بوو و، بۆ ماوەیەکی دوور و درێژ ئەمبەر و ئەوبەری پێ دەکرا و دەگۆڕا. لەبەرئەوە ئینگلیزەکان لەلایەک ڕاستەوخۆ و، لەلایەکی ترەوە لە ڕێگەی خزمەکانیەوە کاریگەریەتیی خۆیان دەخستە سەر بارزانی؛ بەڵام سەرئەنجام مستەفا بارزانی کە لە ئینگلیز دڵسارد و نائومێد بوو ، کەوتە ژێر کاریگەریەتیی دیموکراتخوازەکان.

یەکەمین ڕاپەڕینی کوردەکانی بارزان سەرەڕای ئەوەی لە سەرەتادا سەرکەوتنیان بەدەست هێنا، هیچ ئەنجامێکی لێ نەکەوتەوە؛ تەنیا بۆ چەند مانگێک لە ناوچە کوردییەکاندا سەربەخۆییەکی نیسبی هەبوو؛ بەڵام هێندەی پێ نەچوو کورد کە لە پشتیوانیی ئینگلیز بێبەش کران و، لەبەرئەوەش ڕاپەڕین و خەباتی خۆیان لە دژی سوپای عێراق ڕاگرت، ئیتر جارێکی تر کەوتنە ناو بارودۆخی جارانەوە. ئەوەبوو کەوتنە هەوڵ بۆ بەردەوامیی خەباتی خۆیان. جموجوڵ لەناو بارزانییەکاندا بۆ ئامادەکردنی ڕاپەڕین لە دژی دەوڵەتی عێراق بەمەبەستی گەیشتن بەئۆتۆنۆمی دەستی پێ کردەوە.

بارودۆخی ناوچەی بارزان لە سەرەتای ساڵی ١٩٤٥دا بەم شێوەیە بوو:

زۆربەی شێخەکانی بارزان بەسەرۆکایەتیی شێخ ئەحمەدی بارزان بەنیازی سوود وەرگرتن لە نارەزاییی کوردەکانی بارزان بۆ دەست پێکردنەوەی ڕاپەڕینێکی نوێ لە دژی دەوڵەتی عێراق بەمەبەستی لاوازکردنی دەسەڵاتی عێراق و، بەهێزکردنی دەسەڵاتی فیۆدالی خۆیان هەنگاویان هەڵگرت. مستەفا بارزانی، کە لەژێر کاریگەریەتیی کوردە دیموکراتخوازەکاندا بوو، بۆ بەردەوامیی خەبات لە پێناو وەرگرتنی سەربەخۆیی بۆ کوردەکانی عێراق لە خۆئامادەکردندا بوو، ئینگلیزەکان نێوبانگ و ڕۆڵی خۆیان لە دەست دا و، ڕۆڵیان لە ناوچەی بارزان زۆرکەم بووەوە، لە ڕێگەی ئەگنیتەکانی خۆیانەوە ئینگلیزەکان ئاگەداری دەست پێکردنی ئەگەری ڕاپەڕینی کوردەکانی بارزانییان پێ دەگات و، ئینگلیز هەوڵیان دا یەکەم: مستەفا بارزانی بەدناو بکەن و، دەنگوباسی وایان بڵاوکردبووەوە، کە گوایا مەلا مستەفا «کافرە» و «بەڵشەویکە» و، ئیسلام و کوردی بەرووسەکان فرۆشتووە... هتد.

لەلایەکی ترەوە بەمەبەستی لاوازکردنی ڕۆڵی مەلا مستەفا بارزانی، ئینگلیز لە هەوڵدانی شێخ ئەحمەد و شێخەکانی تر بۆ ڕاپەڕین دژی دەوڵەتی عێراق پشتیوانییان دەکرد، لە ئەنجامدا مستەفا بارزانی بۆی نەکرا، تاک و تەنیا ڕابەرایەتیی ڕاپەڕینەکە

بكات، بۆیە ناچار بوو وەک ڕابردوو لەگەڵ شێخ ئەحمەد و شێخەکانی تری بارزان حیساب بکات، ئەم بارودۆخە یەکێک بوو لە هۆیەکانی سەرنەکەوتنی ڕاپەڕینە نوێیەکە.

لە پێوەندی لەگەڵ چالاکیی هەندێ لە دیموکراتخوازە کوردەکان، وەک ئەفسەرە کوردەکانی ناو سوپای عێراق کە ئەڵقەی پێوەندیی نێوان ڕێژیمی عێراق و کورد بوون، دوای یەکەمین ڕاپەڕینی بارزان پێوەندیی خۆیان لەگەڵ مەلا مستەفا بارزانی و، دەستە و هێزە دیموکراتخوازەکانی تری کوردی عێراق بەهێزکرد، دوای سەرنەکەوتنی یەکەم ڕاپەڕینی بارزانیش، ژمارەیەکی زۆر لە کەسایەتییە دیموکراتخوازەکان دەچنە لای بارزانی و، لەبارەی دەست پێکردنی ڕاپەڕینێکی تر لە ناوچەی بارزان دەکەونە وتووێژ. لە حوزەیرانی ١٩٤٤ بەفەرمانی دەستەیەک لە کەسایەتییە دیموکراتخوازەکانی کورد، میرحاج مۆڵەتی پشوو وەردەگرێت و، بەمەبەستی یارمەتی وەرگرتن لە کوردەکانی ئێران بۆ کوردەکانی بارزان دێتە ئێران، پارتی ژێکاف ئاگەداری پلانەکانی مستەفا بارزانی بوو و، چالاکانە پشتیوانیی لە بارزانی دەکرد؛ بەڵام لەبەرئەوەی لەم کاتەدا ژێکاف لەلایەن سیخوڕەکانی ئینگلیزەوە پیس دەکرێت، ئینگلیز لە پێوەندییەکانی مستەفا بارزانی لەگەڵ دەستە دیموکراتخوازەکانی تری کورد و پلانی هەڵگیرساندنەوەی شۆڕشی نوێ ئاگادارکرایەوە. لە مانگی ئەیلولدا ئینگلیز ئاگەدار کرانەوە لە هەبوونی گرووپی دیموکراتخوازی کورد لەناو سوپای عێراقدا، بۆیە هەنگاویان بۆ لەناوبردنیان هەڵهێنا، میرحاج و خۆشناو لەگەڵ ژمارەیەکی تر گیران و، دەستبەسەر بۆ عیمارە ڕەوانە کران و، لەوێ بەبیانووی لایەنگیری لە فاشییەکان تاوانبار و زیندانی کران، بەوتەی میرحاج زیندان یان ئۆردوگای زۆرەملێی عیمارە، بەتایبەتی بۆ کەسانی دژ بەئینگلیز دانراوە و، بارودۆخ و سیستەمی ئەو ئۆردووگایە زۆر سەخت و ناخۆشە. سەرۆکی ئەو ئۆردووگایە جەنەراڵ ویلسونە، کاتێک میرحاج لەوێ دەبێت سەد و سی کەسیان لەو گرتووخانەیەدا گرتبوو، بەشێک لەو کەسانە سەر بەفاشیزم بوون بەڵام زۆربەیان کۆمەنیستەکانی عێراق و کوردە ناسیۆنالیستەکان بوون. زۆری پێ نەچوو زۆربەی ئەو ئەفسەرە گیراوانە توانییان هەڵێن و، خۆیان گەیاندە مەلا مستەفا بارزانی. بەهاتنی ئەوانە بۆ لای بارزانی کاروباری بزووتنەوەی کورد لە عێراق بەرەبەرە ڕێکوپێک بوو و، بەرنامە و پلان لەلایەن ئەفسەرە کوردەکانەوە دارێژرا. پلانەکەی بەجۆرێک بوو کە لە سەرەتادا دەست بەسەر ناوچەی سێگۆشەی سنوورەکانی ئێران و عێراق و تورکیادا بگرن و، بەم شێوەیە پشتەوە و ناوچەکانی دەوروبەر بۆ ڕاپەڕینەکە دابین بکرێت. لە قۆناغی یەکەمی چالاکیی شەڕوانیشدا ڕاپەڕیوەکان دەبوایە لە حاڵەتی بەرگری کردندابن، هێڵی بەرگری لە ڕێگەی ڕەواندوزەوە تا مەهاباد بوو، ژمارەی شەڕوانان لە سەرەتای ڕاپەڕینەکەدا لە هەزار کەس زیاتر بوون، لوولە تۆپێکی هۆتیزر کالیبر ٣٫٨ و ٢٥٠ گوللە تۆپ و ٢٢

ڕەشاشی سووک و پتر لە ٦٠٠ تفەنگیان هەبوو. هەروەها ٤ ئیزگەی ڕادیۆ و ٥ دەزگەی تەلەفۆنی تەماتیکیان هەبوو.

ڕێبەرانی بزووتنەوەکە هیوا و حیسابیان بە یارمەتیدانی کەسان و چەک و تەقەمەنی و خواردن بوو کە لەلایەن کوردەکانی ئێرانەوە، بەتایبەتیش لەلایەن موکریان و شکاک و هەرکییەکانەوە دەهات. لە سەرەتای دەست پێکردنی چالاکیی نیزامیی کوردە ڕاپەڕیوەکانیشدا، سەرکەوتنی باش وەدەست هاتن، چونکە سەرەڕای ئەوەی کە هێزەکانی دەوڵەتی عێراق دەستبەجێ بۆ سەرکوتکردنی ڕاپەڕینەکە، لەشکری دووەمی عێراقیان کە لە کەرکووک جێگیر ببوو ناردە سەریان، بەوتەی ئەوانە – واتە هاو وتووێژەکانم – لەشکری دووەمی سوپای عێراق بریتییە لە: سێ هەنگ (فەوجی) پیادە و فەوجی تۆپخانە و، بەتالیۆنی ئەندازە و، فەوجێک مۆتۆر و، سی و دوو ئۆتۆمۆبێلی زرێدار. سەرەڕای ئەو هێزە زۆرەی دەوڵەت، شۆڕشگێڕانی کورد لە یەکەمین شەڕدا توانییان ژمارەیەکی زۆر لە هێزەکانی دوژمن گەمارۆ بدەن و، نێزیکەی سەد کەسیشیان لێ بەدیل بگرن.

شۆڕشگێڕانی کورد بەم سەرکەوتنە پتر دڵگەرم ببوون و، بڕیاری لەناوبردنی ئەو هێزە دەدەن کە خستبوویانە گەمارۆوە. بۆ دەست لە بەربەرەکانی هەڵگرتن؛ بەڵام لەم کاتەدا گێرە و کێشە و بۆچوونی جیاواز لەنێوان شێخ ئەحمەد و ڕێبەری بزووتنەوەکە – واتا مەلا مستەفا – سەری هەڵدا، شێخ ئەحمەد کە لەژێر کاریگەریەتیی جەنەراڵ عیزەت عەزیزدا بوو، دەستووری بەردانی سەربازە دیلەکان دەدات و، داوا دەکات لە دژی گەمارۆدراوەکاندا تۆپ بەکار نەهێنن و، تۆپەکان بۆ بەکارهێنانی قوتابخانەکان بەکاربێنن، چونکە «قوتابخانەکان هی شەیتانن»(*)، ئەگەرچی ئەم دەستوورەی شێخ ئەحمەد جێبەجێ نەکرا؛ بەڵام شێخ ئەحمەد توانی دەزگاکانی ڕادیۆ لەناوبەرێت. ئەویش لەبەرئەوەی کە «ڕادیۆ دژی ئیسلامە»(**)، هەربۆیە بۆ شۆڕشگێڕانی کورد زۆر

(*)(**) ئەم قسەوقسەڵۆکانەی ڕاپۆرتنووس، هیچ پێوەندییەکیان بەڕاستییەوە نییە. ڕاپەڕینەکانی بارزان هەر لە سەردەمی شەهید شێخ عەبدولسەلامی بارزانەوە هەتا دەگات بەسەرکردەی نەمر شێخ ئەحمەدی بارزان. یەکێک لە داخوازەکانی ئەوە بووە کە قوتابخانە بکرێتەوە و، بنکەی خوێندەواری و پەروەدەیی و ڕۆشنبیری لە کوردستان دابمەزرێن. بۆ نموونە لە کتێبی (مهد البشرية- الحياة في شرق كردستان) ویگرام باسی ئەوە دەکات چۆن شێخ عەبدولسەلامی بارزان لە ساڵی ١٩٠٩دا داوای لێ کردووە لەگەڵ خۆیاندا بیبات بۆ بەریتانیا بۆ ئەوەی دیمانەی پاشا جۆرجی پاشای بەریتانیا بکات و داوای کردنەوەی قوتابخانە و چارەسەری کێشەی کورد لێ بکات. بڕوانە: لاپەڕە ١٢٣ی سەرچاوەی ناوبراو. چاپی دەزگای ئاراس.

مرۆڤ سەری سوڕدەمێنێ کە ڕاپۆرتنووسانی سۆڤیەتی چۆن ئەم زانیارییە چەوت و چەواشانەیان بە وڵاتی خۆیان داوە. ئیتر هەر وایان کرد بۆیە سەرئەنجامیان ئەوە بوو کە بینیمان. بڵاوکەرەوە: ئاراس.

زەحمەت بوو لە چیاکانی کوردستانەوە پێوەندیی تەلەفۆنییان هەبێت، ئیزگەیەکی ناوەندیی تەلەفۆن و چوار دەزگای تەلەفۆنی پێوەندییان هەبوو. سیمی تەلەفۆنیان بەگوێرەی پێویست بوو و، دەیانتوانی بەئاسانی پێوەندی بەدەستە چەکدارەکانەوە بکەن؛ بەڵام سیمەکە زۆرجاران دەپسا و پێوەندی نەدەما.

لە کۆتاییی هەفتەی دووەمی ڕاپەڕینەکەدا، شۆڕشگێڕە کوردەکان پێنج شەڕی سەرکەوتوویان لەگەڵ هێزەکانی دەوڵەتدا کرد و، دەیانویست چالاکییەکانی خۆیان زۆرتر بکەن. بۆ ئەمەش چاوەڕێی هێزی پشتیوانیان لە خێڵەکانی تری کورد دەکرد. لەم کاتەدا شێخ ئەحمەد بەشێوەیەکی چاوەڕوان نەکراو دەچێتە ئێران، ڕۆیشتنی شێخ ئەحمەد کارێکی زۆری کردە سەر بارزانییەکان، ئەوەبوو ژمارەیەکی زۆر لەوانە بەدوای شێخ ئەحمەددا بەرەو ئێران دەکەونەڕێ، ڕۆیشتنەکەی شێخ ئەحمەد بوو بەخاڵێکی وەرچەرخان لە چارەنووسی ڕاپەڕینەکەدا و، تووشی نسکۆ و دابەزین و، کەمبوونەوە هات. زۆربەی بارزانییەکان بەرەو ئێران کۆچیان کرد. لەکاتی شەڕەکاندا لەگەڵ سوپای عێراقدا بەوتەی هاووتووێژەکانم عێراقییەکان تووشی زیانێکی یەکجار گەورە بوون، چەند سەد کەس لە سەربازانی عێراق کوژران و بریندار کران، زیانی وا گەورەی سوپای عێراق، بوو بەهۆی ئەوەی حوکمێکی یەکجار توند بەسەر بەشداربووانی ڕاپەڕینەکەدا بدرێت. ئەوەبوو فەرمانی مردن بۆ ١١١ دەرکرا و، ٧٦ کەسی ترش لە ٥ ساڵەوە تا ١٠ ساڵ بەندییان بۆ بڕایەوە. ئاڵوگۆڕ و وەرگەڕانێکی گەورە کە دەستبەجێ ڕووی دا، ڕاپەڕینی دووەمی بارزانیەکان بوو. ئەمە نەک تەنیا بوو بەهۆی پەرۆشی و نائارامیی دەوڵەتی عێراق؛ بگرە وڵاتانی سێیەمیش، تورکیا هەمیشە چاودێریی ڕووداوی ڕاپەڕینەکەی دەکرد، سوپای تورکیا لەسەر سنوورەکانی خۆی لەگەڵ ناوچەی ڕاپەڕینەکەدا مۆڵ درا، باڵەفڕەکانی تورکیا بەسەر ڕاپەڕیوەکاندا دەسووڕانەوە، ئینگلیزش لە سەرکوتکردنی ڕاپەڕینەکەدا بەشدارییان کرد. باڵەفڕەکانی ئینگلیز چەندین جار گوندەکانی ناوچەی ڕاپەڕینیان بۆمباباران کرد. لە ئەنجامی ئەم بۆردمانەدا ژن و منداڵێکی زۆر کوژران و، چەند گوندێکیش سووتان و، دارستان و لێرەوارەکان ئاگریان تێ بەربوو؛ بەڵام هیچ زیانێک بەهێزەکانی شۆڕش نەکەوت. جارێکیان باڵەفڕەکانی عێراق بەهەڵە لەباتی بۆمبابارانی بارزانییەکان، کۆچەرە کوردەکانی ئێرانیان لە تایفەی ماندی سەر بەهۆزی هەرکی بۆمبابارن کرد کە لە کوردستانی ئێرانەوە بەرەو کوردستانی عێراق لە کۆچدا بوون و، لەم بۆردمانەدا نێزیکەی بیست کەسی بێ تاوان کوژرا، ئەو بۆمبانەی باڵەفڕەکان بەسەر خەڵکدا باراندیان ئینگلیزی بوون و، ساڵی ١٩٤٥ دروست کرابوون.

سیخوڕەکانی ئینگلیز هەوڵی زۆریان دا شێخ ئەحمەد وا لێ بکەن کە لە قۆناغی

یەکەمی ڕاپەڕینەکەدا مەبەستی شۆڕشەکەیان دژ بە تورکیا و ئێران بێت و، بەم شێوەیە لە ڕێگەی کوردەکانەوە ئاژاوە و نائارامی لەسەر سنوورەکاندا دروست بکەن؛ بەڵام ئەم هەوڵەی ئینگلیز سەری نەگرت و، شۆڕشگێرانی کورد لە سنوورەکانی ئێران - تورکیا نەپەڕینەوە. ئەوەبوو پاش سەرکوتکردنی ڕاپەڕینەکە، هاتنە ناو خاکی ئێران، هەروەک هاووتووێژەکانم دەیانوت مەلا مستەفا و ڕاوێژکارەکانی زۆر بەتوندی و، بۆ چەندین جاریش دژی پێشنیازی شێخ ئەحمەد بوون کە دەیویست پەرە بەناوچەی ڕاپەڕینەکە بدرێت بۆ ئەوەی لە سنوورەکانی ئێران و تورکیا نێزیک ببێتەوە. دژایەتیی هەڵوێستەکەی شێخ ئەحمەدیش لەلایەن مەلا مستەفاوە ناوەرۆکێکی دوولایەنەی هەبوو:

١- لە بواری ستراتیجدا: تا ڕاپەڕینەکە لە چوارچێوەی کوردستانی عێراقدا بێت، پشتەوە و بەرەکانی ڕاپەڕینەکە لەلای سنوورەکانی عێراق - تورکیا و، ئێران - عێراقەوە پارێزراون.

٢- لە بواری سیاسیدا: پەرەپێدانی ڕاپەڕین لە ناوچە سنوورییەکانی باکور دەستبەجێ ناوەرۆکێکی دژ بە سۆڤیەتی پێوە دەنرێ و، یەکەتیی سۆڤیەتیش بەرەو ڕووی ڕاپەڕینەکە دەکاتەوە و، لەنێوان بزووتنەوەی کورد و هێزەکانی سەرسنووری سۆڤیەت تێکهەڵچوون دروست دەکات، هەروەها لەگەڵ تورکیاشدا. بۆیە گرینگە ڕاپەڕین و شۆڕشەکە ناوەرۆکێکی ناوچەیی هەبێت. هاتنی شێخ ئەحمەد بۆ ئێران، بەوتەی هاووتووێژەکانم وەک هەوڵدانی شێخ ئەحمەد نەک تەنیا بۆ لاوازکردنی ڕاپەڕینەکەیە، بگرە گێرە و کێشەش لەنێوان شۆڕشگێرانی کورد و هێزەکانی سەرسنووری سۆڤیەت پێک دێنێت. لە کاتی ڕاپەڕینەکەدا زۆرجار لەلایەن بزووتنەوەی کوردەوە بەبانگەواز داوایان لە سەربازەکانی سوپای عێراق و هۆز و خێڵەکانی کوردی دراوسێیان کردووە، بۆ لەناوبردنی دەوڵەتی کۆنەپەرستی عێراق کە دوژمنی هاوبەشی کورد و عەرەبە خەبات بکەن و، ئامانج و مەبەستی بزووتنەوەکەی خۆیان بۆ ئەوانە ڕوون کردووەتەوە و، داوایان لە کوردەکان کردووە، تاوەکو بۆ ڕزگاری گەلی کورد بەشداریی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی بکەن. ڕاپەڕیوەکان لە بانگەوازەکانی خۆیاندا بۆ سەربازانی سوپای عێراقیان ڕاگەیاندووە کە ئەوانە دژی گەلی عەرەب شەڕ ناکەن و، داوایان لە سەربازانی عێراق کردووە خۆیان لە خوێن ڕشتنی براکانیان لابدەن و لە دژی ڕاپەڕیوەکاندا بەرگری نەکەن.

لەبەر نەبوونی ئامێری چاپ بانگەوازەکانیان بەدەست نووسیوە و، هەر بەدەستیش بە سەدان دانەی زیادەیان نووسیوە و گەیاندوویانەتە ناو سەربازانی سوپای عێراق و هۆز و خێڵە کوردەکانی دراوسێیان. لە نامەیەکی تایبەتیشدا مەلا مستەفا بارزانی ڕابەری

بزووتنەوەی کوردەکان بۆ کاربەدەستانی ئینگلیز دەنووسێت کە ڕاپەڕینی کوردەکانی بارزان تەنیا ناوەرۆکێکی ناوخۆیی هەیە و بۆ لەناوبردنی ڕێژیمی عێراقە کە دوژمنانە لەگەڵ کورددا دەجوولێتەوە. هەربۆیە بەپشت بەستن بەیاسای نێونەتەوەیی، بزووتنەوەی کورد داوا لە ئینگلیز دەکات واز لە بەشداریی سەرکوتکردنی بزووتنەوەی کورد بهێنێت. بۆ وێنە لە نامەکەدا هاتووە «بۆ ئێوە گوندەکانی ئێمە بۆمباران دەکەن و ژن و منداڵی ئێمە دەکوژن، خۆ ئێمە شەڕی ئینگلیز ناکەین؟»

مستەفا بارزانی ڕابەری بزووتنەوەی کورد هەروەها لە نامەکەیدا بۆ جەنەرالیزم ستالین و وەزیری کاروباری دەرەوەی سۆڤیەت هاوڕێ مۆلەتۆڤ، دژی بەشداریی ئینگلیز لە سەرکوتکردنی گەلی کورد دەوەستێ و، ئەم کردەوەیەی ئینگلیز بەپێچەوانەی یاسای نێونەتەوەیی دادەنێت و «داوای مافی کورد لە ناوچەی مووسڵ دەکات کە خاکی باپیرانی کوردە». دوای سەرکوتکردنی بزووتنەوەکەی کورد کە سێ هەفتە درێژەی هەبوو، زۆربەی کوردەکانی بارزان لەناو برا کوردەکانی خۆیان لە ئێراندا گیرسانەوە و تا ئێستەش هەر لەوێ دەژین. جگە لە چەند هەزار کوردی خێڵی بارزان لەناو خاکی ئێران دەیان بنەماڵەی تری کوردی عێراق لە هۆز و خێڵەکانی ناوچەی ڕەواندوز و ئامێدیش بۆ ئێران هاتوون.

بارزانییەکان دەکرێ بڵێین تەواوی سامان و مەروماڵاتی خۆیان لە دەست داوە و، ئێستە لە بارودۆخێکی هەژارانەدا دەژین. سەرەڕای ئەو هەموو کارەساتەی بەسەر بارزانییەکاندا هاتووە، بە وتەی هاووتوویژەکانم تا ئێستەش ئەوانە خاوەن هێزێکی زۆرن و، لە بارودۆخێکی لەبار کە بۆیان هەڵکەوێت، دووبارە دژی دەوڵەتی عێراق خەبات دەست پێ دەکەنەوە. لەم خەباتەدا ئەوانە حیساب بۆ یارمەتیدانی هەندێ لە خێڵەکانی تری کوردی عێراق دەکەن. هەروەها مستەفا بارزانی بەهەڵوێستی دژ بەئینگلیز و، دژ بەدەوڵەتی عێراق خۆی، سۆز و لایەنگریەتیی خۆی لەناو کوردە بارزانییەکاندا ڕاگرتووە. بە وتەی هاووتوویژەکانم ئەم بارودۆخە وا لە ئینگلیز دەکات، لەناو بارزانییەکاندا ئاژاوە بنێنەوە و دژی سۆڤیەت یان بزووتنەوەی دیموکراتی لەئێران بەکاریان بێنن.

بەهاتنی بەهار و ئاڵۆزبوونی بارودۆخی ئابووریی بارزانییەکان، لەوانەیە بەم ئەرکە هەڵسن و زۆریش لە ڕاستییەوە نێزیکە.

## سەبارەت بە بزووتنەوەی کورد لە عێراق لە سەردەمی شەڕی دووەمی جیهان و هەروەها سەبارەت بە پارت و ڕێکخراوە سیاسییەکانی کورد لە عێراق

لە سەرەتای شەڕی دووەمی جیهاندا بزووتنەوەی کورد لە عێراق تووشی ئاستەنگ و

ڕاوەستان ببوو، زۆربەیان ئەگەر نەڵێین هەموو پارت و ڕێکخراوە سیاسییەکانی کورد وازیان لە چالاکیی خۆیان هێنابوو، یاخۆ هەڵوەشابوونەوە یان هەر خۆیان هەڵوەشاندبووەوە، زۆربەی فیۆداڵە گەورەکانی کورد کە لە سیاسەتی ئینگلیزەکان تووشی دڵساردی و نائومێدی ببوون و، هەندێ جار کوردەکانیان لە دژی عەرەبەکان هان دەدا، لە بزووتنەوەی نەتەوەیی کورد دوورکەوتنەوە و، چووبوونە ڕیزی چینی دەسەڵاتدارانی عێراقەوە. هەندێک لەوانە بەشێوەیەکی ئاسایی چالاکیی ڕۆشنبیرییان دەنواند و دەستنووسی بەرهەمی نووسەران و هەڵبەستوانانی کوردیان کۆدەکردەوە و، بەرهەمەکانی ئەوانیان لە چاپ دەدا، بۆ خۆیشیان بەزمانی کوردی شیعریان دەنووسی؛ بەڵام داخوازی سیاسی و ئابوورییان نەدەهێنایە کایەوە. ڕووناکبیرانی کورد، لاوان و هێڵی لاوی ئەو فیۆداڵانە و، کوڕانی بۆرژوای کورد و هەندێ لاو لە بنەماڵە ساکار و هەژارەکان کەمتر هەستیان بەرامبەر بەدروشمی کۆنی «سەربەخۆیی کوردستان» دەبزوا و، زیاتر و تا ڕادەیەکی زۆریش هەوڵیان دەدا بەشداری لە ژیانی سیاسی گشتیی عێراقدا بکەن. ئەمیش لەبەرئەوەیە کە ڕووناکبیرانی کورد لە شارە گەورەکانی عێراق وەک بەغدا و مووسڵ و ئەوانی تردا ژیاون و کاریان کردووە و، بەشێکیان لە دەرەوە و لە ئەمریکا ژیاون و کاریان کردووە. لەبەر ئەو هۆیەش ژیانیان لەم شارانەدا پێ خۆشتر بووە تا ژیانی ناوچە کوردییەکان کە هەندێ جار پێوەندییان لەگەڵدا بڕیون.

ژمارەیەکی زۆر لە کەسایەتییە کۆمەڵایەتییەکانی کورد لەپێش شەڕی دووەمی جیهاندا لە ڕووداوەکان دوورکەوتبوونەوە و، بەرەو ڕووی سەردەمی گەرمی شەڕی دووەمی جیهان ببوونەوە. لەلایەکەوە ژمارەیەکی زۆر لەوانە لەژێر کاریگەریەتیی ئینگلیزدا سۆزی خۆیان بەرامبەر بە ئەڵمانەکان نیشان دەدا. ئەمە بۆخۆی تایبەتمەندییەکی ئاساییی وڵاتانی عەرەبی ئەو سەردەمە بوو. ئەوەبوو لە کودەتاکەی ڕەشید عالی گەیلانیدا بەشدارییان کرد. لەلایەکی ترەوە بەپێی ڕەوتی شەڕی دووەمی جیهان، لەناو کورددا هەندێ جموجوڵ و چالاکیی دژی فاشیستی و لایەنگری لە کۆمەڵگەی نەتەوەکان سەری هەڵدا.

لە کۆتای ساڵی ١٩٤٠دا گرووپێکی کوردی فیئۆداڵ «کۆمەڵەی کوردی- هیوا»یان زیندوو کردەوە، لە سەرەتادا کۆمەڵە ناوەڕۆکێکی پێشکەوتنخوازانەی هەبوو و، لەناو ڕیزەکانیدا کەسان و هێزی دژ بەفاشیست و دیموکراتخواز هەبوون؛ بەڵام کاتێک کە سۆڤیەت چووە ناو شەڕی دووەمی جیهانەوە، کۆمەڵەی هیوا هەڵوێستێکی ئاشکرا و ڕاشکاوانەی لە پشتگیریی سۆڤیەت گرتەبەر؛ پاشان لەژێر کار تێکردن و چالاکیی ئینگلیزەکان بوو بەڕێکخراوێکی ئاشکرای ئینگلیز، کۆمەڵە ٤٠٠ تا ٥٠٠ ئاغا و شێخی کوردی لەخۆ کۆکردبووەوە، ئەندامانی لیبرالی کۆمەڵەی هیوا لایەنگیری

دیموکـراتیـەتی ئینگلیـزن و هەوڵ دەدەن بۆ کـار و چالاکـیـیـەکـانی خـۆیان سـوودی لێ وەربگرن، گـرینگی و بایەخی ئەم ڕێکخـراوە لەم کـاتەدا هەم لـەناو کـوردەکـان و هەم لە ژیانی سیـاسی عێراقدا زۆر کـەمە. لە ساڵەکانی پێش شەڕ و بەتایبەتیش لە سـاڵەکانی سـەردەمی شـەڕ لەناو سـوپای عـێـراقـدا نەک تەنیـا سـەرباز بگرە ئەفـسـەری کـوردیش هەبوون کە لەناو سوپای عێراقدا زوو هەستیـان بەنایەکسانیی خۆیان لەگەڵ عەرەبەکاندا دەکـرد. ئەفـسـەرە کـوردەکـان هەروەک دانراوە و بڕیـار دراوە ناتوانن لە پلەی کـاپیـتـان (نەقـیب) بەسـەرەوەتر تێـپـەڕن و، لە سـتـادی (ئەرکـانی) سـوپای عـێـراق کـار و بەرپرسـیـاریەتیـیـان پێ نەدراوە. جگە لەوە هەرچەندە ژمـارەیەکی زۆر لە ئەفـسـەرە کوردەکانی نـاو سوپای عێراق لە بنەماڵەی فیئۆداڵەکان نەبوون؛ بگرە لە بنەماڵەی وردە بۆرژوا و پیشـەساز و جوتیـارانەوە سەریان هەڵداوە و، بۆ ئەوانە کـێشـەی بەرژەوەندیی تایبەتیی خۆیان ڕۆڵێکی زۆر گرینگ دەبینێت. بۆیە ڕێکخراوە نەتەوەییـیەکە ئەوانەی لە بـاوەش گـرتووە، یـان دەسـتی بەسـەردا گـرتوون. لەلایەکی ترەوە لەناو ئەم خـەڵکەدا بیروبـاوەڕێکی بەهێزی دیموکراتییـانە بڵاوبووەتەوە، ڕووداوەکانی شەڕی دووەمی جیـهان ئەم بیـروباوەڕ و وردە دیموکراتیـخوازانەی ئەوانی بەهێزکرد. ئەوەبوو لەناو ئەو ئەفسـەرە کـوردانەدا هەسـتی بەرپرسـیـاریەتی لە خـەبات دژی فـاشیـزم و لایەنگری بۆ سـۆڤیـەت پەیدابوو تا بەشداریی چالاکانە لە خەباتی دژی فاشیـستیدا بکەن و، لە بەرەکانی شەڕ دژی ئەڵمـان ڕابوەستن. گـرووپێکی دیموکراتخواز لە ئەفـسـەران و سەربازانی کوردی ناو سوپای عێراق لە کۆتایی ساڵی ١٩٤١دا بڕیاری دا ڕێکخراوێکی دیموکرات پێک بێنن، ئەم گرووپە پرۆگرامێکی سـیـاسیی دیاریکراویان نەبوو و بەڕوونی و ڕێکوپێکی ڕێک نەخـرا بوو، جـاروبار کـۆدەبوونەوە و بـاسیـان لە کـێـشـە و بارودۆخی نێـو نـەتەوەیی و بزووتنەوەی کورد دەکرد. میـرحاج و خۆشناو لە ڕیزی ئەندامە چالاکەکانی ئەم گرووپەدا بوون. لەو کـاتەدا ئینگلیـز دەسـتیـان دایە هەڵبژاردن و بەسـەربازگرتنی لاوانی کـورد و ناردنیـان بۆ بەرەی ئەفـریقـیـا. ئەندامـانی ئەم گرووپە لەژێر کـارتێکردن و پەرەسـەندنی ڕۆڵی سـۆڤیـەت بڕیـار دەدەن لەباتی بەشـداری لەگەڵ سـوپای ئینگلیـز لەبەرەکـانی شـەڕ دژی ئەڵـمـانـدا، دەبێ لەبەرەکـانی شـەڕی سـۆڤـیـەت - ئەڵـمـانـدا بەشـداری بکەن. بۆ ڕوونکردنەوەی ئەم بڕیارە ئەوانە لە ئابی ١٩٤٣دا میـرحاج بۆ ئێـران دەنێـرن بۆ ئەوەی لەگەڵ فەرماندەی هێزەکانی سۆڤیەت لە ئێران باس لەم پرسەدا بکەن. میرحاج توانیی بێـتـە مـەهاباد، ئەوەبوو منی لەوێ بینی و ئەم پێـشـنیـازەی بۆ باس کـردم، منیش لەوکاتەدا ناوبراوم پەشیمـان کردەوە و بیانووم بۆ هێنایەوە، سوپاسم کرد بۆ ئەو هەستە باشەی بەرامبەر بە سۆڤیەت دەری بڕی و، گوتم: گەلی سۆڤیەتی ئەوەندە کەس و هێزی هەیە بتوانێت ئەڵمان تێک بکشێنێت. بەوتەی میرحاج لەگەڕانەوەیدا بۆ عێراق ناوبراو

وتووێژەکانی خۆی لەگەڵ من بۆ هاوڕێیانی خۆی دەگێڕێتەوە. وتی ئێمە زۆر پەرۆشی چارەنووسی ستالینگراد بووین. هەروەها وتی: قسەکانی تۆ (واتە سۆڤیەت ئەوەندە هێزی هەیە کە ئەڵمان بشکێنێت ئێمەی هێور کردەوە، دواتر ئێمە گەیشتینە ئەو ئاکامە کە ئێوە ڕاست بوون). میرحاج پێی وتم: گرووپە ئەفسەرە دیموکراتخوازەکانی کورد بەهەندێ کوردی تەکنیکار و میکانیکار کە پێشتر لە کارگەکانی فۆرد لە دیترویتدا کاریان کردووە و نێزیکن و، بەم شێوەیە پێوەندییان بەحزبی شیوعی عێراق بە نهێنییەوە بەستووە و زەوینەیان بۆ بەهێزکردنی بیروباوەڕی دیموکراتخوازان لەناو ئەم گرووپەدا دروست کردووە.

ئەم گرووپە بەو شێوە نیمچە ڕەسمی و نیمچە ڕێکخستنە تا ساڵی ١٩٤٥ خۆی ڕاگرت. بەشێکی زۆری ئەندامانی ئەم گرووپە تا ئەو کاتە چووبوونە ریزی ڕێکخراوە سیاسییەکانی ترەوە، یاخۆ لەلایەن ئینگلیزەکانەوە گیرابوون.

لەگەڵ چالاکیی ئەم گرووپە ئەفسەرە دیموکراتخوازەی کورد، بەرەبەرە کەسایەتییە دیموکراتخوازەکانی کوردی عێراق و ئێران لەیەکتر نێزیک بوونەوە، لە ناوەڕاستی ساڵی ١٩٤٢دا لەناو تاخمەکانی کورد بیروڕای دروستکردنی پارتێکی پێشکەوتنخوازی گشتیی کوردی هاتە کایەوە بۆ ئەوەی ڕێبەرایەتیی بزووتنەوەی نەتەوەیی کورد لە عێراق و ئێران لە ئەستۆی خۆی بگرێت. لەگەڵ هەوڵدان بۆ ئاڵوگۆڕێکی نوێ لە بزووتنەوەی ڕزگاریخوازیی کورد و دروستکردنی پارتێکی ئەوتۆیی، هەروەها بارودۆخی ئەو کاتە کە کۆمیتەی گشتیی ڕزگاری کوردان «خوێبوون» نەما بوو، لە کۆتایی ١٩٤٢دا بەدەستپێشخەریی (زەبیحی)ی پیشەسازی مەهابادی و، ڕێکخەری شانەی (پارتی توودە) لە مەهاباد کۆبوونەوەیەک بۆ ڕێکخستنی ڕێکخراوێک پێک دێت کە ئەنجامەکەی پارتی گشتیی کوردان (ژێکاف - ژیانەوەی کوردستان) پێک دێت، لەم کۆبوونەوەیەدا ١١ کەس بەشدار بوون، لەوانە: «زەبیحی، زەرگەری، موقەدەسی، قادری، ئیمامی، تەوحیدی، کیانی و میرحاج».

زەبیحی وەک سکرتێری حزبەکە و، حوسێنی زەرگەری وەک سەرۆکی ئەو حزبە هەڵبژێردران. پرۆگرامی حزبەکە، بەپەلە دانراو و شێواو و تێکەڵ پێکەڵ و سەرپێچ بوو، تێیدا دروشمی کۆن و داخوازیی ڕواڵەتییانە، واتە سەربەخۆیی بۆ کوردستان لەگەڵ خەبات دژی کۆنەپەرستانی کورد و دەوڵەتانی ئێران و عێراق و تورکیا و کۆنەپەرستانی نێونەتەوەیی دانرابوو، لە قۆناغی یەکەمدا دژایەتیی فاشیزمی تێدا گونجا بوو؛ بەڵام لەم پرۆگرامەدا بەگوێرەی هاووتووێژەکانم هەندێ بیروڕای باش هەبوون کە پاشان لە پرۆگرامی پارتە سیاسییەکانی تری کورددا جێیان کرایەوە. بەوتەی ئەوانە بەرچاوترین ئەم بیروڕایانە خەباتی ناوچەییی نەتەوەییی گەلی کورد بوو لە چوارچێوەی ئەو

دەوڵەتانەدا کوردستانیان بەسەردا دابەش کراوە. واتە خەباتی بێ وچانی گەلی کورد دژی ئەو دەوڵەتانەی کوردیان تیادا دەژیت و هاوسەنگەر و یەکرپزن لەگەڵ تەواوی هێزە دیموکراتییەکانی ئەم وڵاتانەدا. لە ساڵی ١٩٤٣ و بەتایبەتیش لە ١٩٤٤دا (ژێکاف) لەناو کوردەکانی ئێران و عێراق چالاکییەکی زۆری نواند. زۆربەی دیموکرات و پێشکەوتنخوازەکانی کورد دەهاتنە ریزی ژێکافەوە. بەتایبەتی ژێکاف چالاکییەکی زۆری لە ناوچەی سلێمانی و مەهاباددا هەبوو، ژێکاف گۆڤاری (نیشتمان)ی نیوە نهێنیی چاپ دەکرد. لە ساڵی ١٩٤٤دا ژێکاف نێزیکەی بیست بەیاننامە و بانگەوازی دەرکرد. چالاکیی کۆمەڵەی ژێکاف هەندێ جار ناوەرۆکی دژی ئینگلیزی پێوەبوو و، ئەوانی سەغڵەت کردبوو، بەڵام ئینگلیز توانییان بەشێکی زۆری باڵی ژێکاف بەرەو لای خۆیان رابکێشن. لەبەرئەوەی پرۆگرامی ئەم پارتییە و تاکتیکەکانی پاش شەڕی جیهانی روون نەبوو، گێرە و کێشەی سەرەکی بەگوێرەی هاووتووێژەکانم لەسەر ئەوە بوو ئاخۆ ئینگلیز دوژمنی گەلی کوردە! ئاخۆ هەڵسوکەوت و سیاسەتی ئینگلیز لە ناوچەی رۆژهەڵاتی ناوەراستدا بەزیانی کوردە! گێرە و کێشە لەسەر ئەم پرسیارە بوو بەهۆی لێک بڵاوبوونی ژێکاف. ئەوەبوو لە نیوەی دووەمی ساڵی ١٩٤٥دا ژێکاف هەڵوەشایەوە. لێک بڵاوبوونی پارتی ژێکاف لە ئەنجامی ئەوەش بوو کە زەبیحیی سکرتێری ئەم پارتە لەکاتی سەردانی بۆ لای کوردەکانی باکور - رۆژهەڵاتی ئێران لە نێزیک شاری ورمێ لەلایەن پۆلیسی ئێران دەستگیر کرا. لە کاتی گرتنەکەیدا، نووسراو و چاپەمەنیی کۆمەڵەی ژێکافی پێ دەگیرێ. ئەمە هۆیەکی سەرەکی بوو لە گرتن و تاوانبارکردنی، ئێستە زەبیحی لە زیندانی تارانە. گەورەترین خزمەتەکانی ژێکاف بەوتەی هاووتووێژەکانم ئەوەیە کە ورەی دیموکراتخوازەکانی کوردی بۆ بەشداری لە بزووتنەوەی نەتەوایەتیی کورد بزواند و، نێزیکی کردنەوە و، فێری خەباتی سیاسیی لە سەردەمی نوێدا کردن. تەواوی ئەندامان و رێبەرانی حیزبی دیموکراتی کوردستان کە لە کۆتای ١٩٤٥دا پێک هات، لەوانە قازی محەمەد لە رابردوودا ئەندامی پارتی ژێکاف بوون، هاوکات لەگەڵ دامەزراندنی حیزبی دیموکراتی کوردستاندا، پرۆسەی رێکخستنی پارتی کرێکاران و رووناکبیرانی کورد لەناو پارتی نهێنیی کۆمۆنیستی عێراقدا دەستی پێ کرد. «لەبارەی حزبی شیوعی عێراق تەماشای بەشی ژیانی سیاسیی عێراق بکە».

لە چوارچێوەی حزبی شیوعی عێراقدا، لە ساڵی ١٩٤٤ەوە بەشی کوردیی ئەم حزبە هەیە کە ژمارەی ئەندامانی دەگاتە ٤٠٠ ئەندام و، رۆژنامەی «یەکێتیی تێکۆشین» دەردەکات و، لە ساڵی ١٩٤٥ەوە ناوی بۆ ئازادی گۆڕا. چالاکیی حزبی شیوعی عێراق نهێنییە و بەنهێنیش گۆڤارێکی پێنج سەد دانەیی دەردەکات، هەروەها لەگەڵ چالاکی

نواندن لەناو ئەندامی خۆیدا کە بەزۆری لە بەغدا و مووسڵ و شوێنەکانی پیشەسازیی نەوتدان، بەشی کـوردیی حـزبی شـیـوعی عـێـراق توانیـویەتی کـارێکی زۆر لەناو کەسایەتییە پێشکەوتنخوازەکانی کورد و، بڵاوکردنەوەی بیری دیموکراتی لەناو کورددا بکات. بە وتەی هاووتووێژەکانم هەم لەناو گرووپی ئەفسەرە دیموکراتخوازەکانی کوردی سوپای عێراق و، هەم لەناو پارتی ژێکافدا هەستێکی زۆری کارتێکردن و ڕۆڵی بەشی کوردیی حزبی شیـوعی عێـراقیـان تیـا بەدی دەکرا، کە ئەمـەش یارمـەتییـەکی زۆری پێـشکێش بەبەشـداربووانی ئەم ڕێکخـراوانە کـرد لەبواری ڕوونکردنەوەی بارودۆخی سیـاسی و هەڵبـژاردنی تاکـتیـکی پێـویست. دوای سـەرنەکـەوتنی دووەمین ڕاپەڕینی بارزان و، هەڵوەشـاندنەوەی پارتی ژێکاف، بەشـێکی زۆری ئەم گـرووپ و پارتیـیـە سیاسییە دیموکراتخوازانەی کورد کە لێک پەرش و بڵاو ببوون، دەیانتوانی ئەو هێزانە لە بزووتنەوەیەکی نەتەوەییی کورد لە عێراقدا یەک بگرن، بەم شێوەیە بیری پێکهێنانی (پارتی دیموکراتی کورد لە عێراق) (ئازادی) کە بەیاننامە و پرۆگرامەکەی لە کۆتاییی ئەم ڕاپۆرتەدا هاتووە و پێـشـکێش دەکـرێت، ئەم پارتیـیـە دروست بوو. بە وتەی هاووتووێژەکـانم بەیاننامـە و پرۆگـرامی پارتی ئازادی لەلایەن بەشـێکی زۆر لە کەسایەتییە پێشکەوتنخوازەکانی کوردی عێراق و، ئەوانەیش کە بەشداری ڕاپەڕینی بارزانییەکان بوون، پێشوازییان لێ کرا، لەو کاتەدا ئەم پارتە خەریکی چالاکی و کار بوو لەبواری ڕێکخستن و وەرگرتنی ئەندامان. لەبەرئەوەی هاووتووێژەکانم لە ئەندامانی سەرەتای دروستبوونی پارتی نوێن و ڕاستەوخۆ خەریکی ڕێکخستنی ئەو پارتییەن و یەکێکن لەوانە، وەک هەمزە کە لە دانەرانی پرۆگرامی ئەم پارتییەن، لەبارەی ژمارەی ئەندامانی ئەم پارتییە بەقسەی خۆیان ژمارەیان بە ئەندامی پاڵێوراوەوە دەگاتە هەزار کەس کە پێویستە باوەڕیان پێ بکرێت، بەڵام لەڕاستیدا چەندایەتیی ژمارەی ئەندامانی پارتی زۆر لەوە کەمترە کە ئەوان باسیان کرد. وتەی هاووتووێژەکانم جێگەی بایەخ و سەرنجە کە دەیانوت بەدروستبوونی ئەم پارتییە تازەیە پێشوازییەکی زۆری لەلایەن کوردە پێشکەوتنخوازەکـانی عێـراقـەوە لێ کـرا و، چالاکـیی ئەم پارتیـیـە لەوانەیە پەرەبسێنێت و، لە داهاتوودا ببێتە پێگەی گەشەسەندنی بزووتنەوەی کوردی عێراق.

## چالاکیی وڵاتانی سێیەم لەناو کورددا

ئینگلیز، پێشی شەڕ و لە ساڵانی یەکەمی شەڕدا تەواوی کاروباری کوردیان لە عێراق سپاردبوو بەپرۆفیسۆری ئینگلیزی ئیدمۆنز Edmondis. ناوبراو لە هەمان کاتدا لە خزمەتی دەوڵەتی عێراقیشدا بوو. ئیدمۆنز لەو کاتەدا پلەی مایۆری سوپای ئینگلیزی هەبوو و، شـارەزاییـیـەکی باشی لە پێـوەندیی ناوخـۆی کـورداندا هەبوو و، خـۆیشی پێوەندییەکی بەربڵاوی لەگەڵدا هەبوون.

ئەدمۆنز زمانی کوردیی بەباشی دەزانی و، شارەزای ئەدەبیات و بەرهەمی نووسراوەی کوردی بوو و، زۆربەی نووسەران و شاعیرانی کورد حیسابیان بۆ بۆچوونەکانی ئیدمۆنز سەبارەت بەم پرسیارانە دەکرد. نیزیکەی سەرەتای سالّی ١٩٤٢ بوو ئەدمۆنز لە کاروباری راستەوخۆی ناو کورددا دوورکەوتەوە؛ بەلاّم هەر لە عیراق مایەوە. لە کۆتاییی سالّی ١٩٤٥دا ئیدمۆنز رۆیشت و عیراقی بەرەو ئینگلتەرە بەجێ هێشت.

ماوەیەک لەمەوبەر وەکو هاووتوێژەکانم دەڵێن: بیستوویانە دووبارە ئەدمۆنز بۆ رۆژهەلاّت گەڕاوەتەوە و ئێستە لە ئێرانە و، وا بلاّوە، ناوبراو ئێستە لە کرماشانە و لەوێش خەریکی چالاکی نواندنە لەناو کورددا. ئیدمۆنز لە کاروباری کورددا جێی لاین Lyheی گرتووەتەوە. تا کۆتاییی سالّی ١٩٤٤ هەر لەسەر ئەم کارە مایەوە و، دوای ئەوە بۆ ئەفریقیا نێردرا. لاین هەروەها باش لە کێشەی کورد تێگەیشتبوو و، لەگەلّ زۆربەی کەسایەتییە کۆمەلاّیەتییەکانی کورد پێوەندیی هەبوو و، زمانی کوردیشی بەباشی دەزانی. لاین بۆ راکێشانی کەسایەتییەکانی کورد بۆ لای ئینگلیز هەولّ و تێکۆشانی زۆری کرد و، بۆ ئەم کارە لە هەموو شێوازێکی وەک پاڕانەوە و زمانلووسی و کڕین و هەڕەشە سوودی وەردەگرت و نەدەسلّەمییەوە. لەناو کۆمەلاّنی کورددا لاین رێزێکی زۆری هەبوو و، کورد حسابیان بۆ بیرو بۆچوونی ئەو دەکرد و گوێیان بۆ شل دەکرد.

دوای لاین ئەرک و کاروباری ئینگلیز لەناو کورددا بە کینگ King درا کە پلەی ئەفسەری سیاسیی Political Offiser هەیە و لە کەرکووک و مووسلّە. کینگ لەچاو لاین و ئیدمۆنز سەبارەت بەناسینی کێشەی کورد لاوازە، بەلاّم ئەویش زمانی کوردی دەزانێ. لە نیوەی دووەمی سالّی ١٩٤٥دا ئینگلیز بانگیان کردەوە. بەلاّم ئێستە چالاکی لەناو کورد بەئەستۆی دوو راوێژکاری سیاسی، واتە پالکۆڤنیک (عەمید) مید Midd لە مووسلّ و جەنەرال ویلّسون Wilson لە کەرکووک سپێردراوە، هەردووکیان زمانی کوردی دەزانن و، لە مێژە لە ئێران کاردەکەن. پێوەندیی ئەوان لەنێوان خۆیاندا بۆ هاووتووێژکارەکانم روونە، ئەوانە دەڵێن: مید زۆربەی لێکۆڵینەوە و کاروباری لەبارەی ناوچە کوردییەکانی سەرسنووری سوریا و تورکیایە، بەلاّم ویلّسون لەبارەی ناوچە سنوورییەکانی ئێران. وەک دەڵێن، دەیەوێت لەبارەی سۆڤیەت و سوپای سۆڤیەتی و ئێران ئاگا و زانینی هەبێت. بەبیروڕای هاووتووێژەکانم دانانی دوو راوێژکاری سیاسیی ئینگلیزی لەباتی یەک کەس لە ناوچە کوردییەکاندا نیشانەی ئەوەیە کە ئینگلیز بۆ بەرژەوەندیی خۆیان لەبارەی کێشەی کورد بەگشتی لەلایەک و، لەلایەکی تر لەبارەی کێشەی کوردی عێراق بەتایبەتی چالاکیی خۆیان زیاد کردووە. هاووتووێژەکانم بەتایبەتی وتیان: دوای ئەوەی ئەو راوێژکارەیان دانا، ئیتر

چالاکیی ئینگلیز لەناو کورددا بەرچاوتر بووە، لە ناوچە کوردییەکانی عێراقدا دوو یاریدەدەری ئەوانە لە هەولێر و ڕەواندوز کار دەکەن، کاپیتان (نەقیب) جاکسۆن Jack-son ی یاریدەری ڕاوێژکاری سیاسی لەمێژە لە هەولێر کار دەکات و، زمانی کوردیش بەباشی دەزانێت.

کاپیتان (نەقیب) ستۆک Stok یش لێزانی کێشەی کوردە و، لە جێی لیتینانت (ملازم) گور Goor هاتووە. بارەگاکەی لە ڕەواندزەوە بۆ دیانە کە گوندێکی ئاسوورییە گواستووەتەوە، گور نەک تەنیا زمانی کوردی، بگرە زمانی ئاسووریش دەزانێت.

ئەرکی ڕاوێژکار و یاریدەرە سیاسییەکانیان بە وتەی هاوتوێژەکانم چەند لایەنەیە، لەلایەکەوە ئەوانە نوێنەری ڕەسمیی دەسەڵاتدارانی ئینگلیز و عێراقن لە ناوچە کوردییەکاندا و، بەکردەوە لەسەر تەواوی کێشەی ڕۆژانەی ژیانی کوردەکان بڕیار دەدەن، یان چارەسەریان دەکەن، وەک دیاریکردنی سنوور لە نێوان هەندێ لە خێڵە کۆچەرەکانی کورد، گێرە و کێشەی نێوان سەرۆک هۆز و خێڵەکانی کورد، کێشەکانی ئابووری و تفاق و خواردەمەنی و...هتد، لەناو کوردەکاندا چارەسەر دەکەن.

لەم بارەیەوە سەرچاوە و پاڵپشتی ئەم ئەفسەرە سیاسییانە کە بەردەوام یاخۆ جاروبار سەردانی سەرکردە گەورەکانی کوردیان دەکرد و، لەم ڕێگەیەوە ئینگلیز ڕۆڵی خۆیان لەناو کورددا ڕادەگرت. بەوتەی هاوتوێژەکانم ژمارەی ئەو جۆرە ئەفسەرانەی ئینگلیز لە کوردستاندا زیاترە لە بیست کەس، زۆربەی ئەفسەرە سیاسییەکان تاڕادەیەکی کەم یان زۆر زمانی کوردی و ئاسووری دەزانن، لەگەڵ ئەرکی بەڕێوەبردنی ناوچە کوردییەکاندا، ئەرکی سیاسیش بەڕێوە دەبەن، یان پێیان ڕاسپێردراون.

ئەوانە لەناو کورددا چالاکانە پروپاگەندە دەکەن و، بۆ ئەم کارە هەم لەناو سەرکردەی هۆز و خێڵەکانی کورد و، هەم لەناو کەسایەتیی کۆمەڵایەتی و ڕۆژنامەنووس و نووسەر و زاناکاندا کار و چالاکی دەنوێنن و، سوودیان لێ وەردەگرن. ڕاوێژکار و ئەفسەرە سیاسییەکانی ئینگلیز لەگەڵ سەرکردەکانی کورد و کەسایەتییە کۆمەڵایەتییەکاندا وتوویژ و چاوپێکەوتن ئەنجام دەدەن و، پارەیان پێ دەدەن، لەبارەی کێشەکانی جیهان و بارودۆخی ناوخۆی عێراق و، بارودۆخی سیاسی و ئابووریی ئینگلیز قسەیان بۆ دەکەن و، چاپەمەنییان پێ دەدەن.

بەیارمەتی و بەڕێگەی ئەفسەرانی ڕاوێژکار و یارمەتیدەرە سیاسییەکانیان، لەناو کورددا چاپەمەنییەکانی ئینگلیز بلاودەکەنەوە و، پروپاگەندەیان بۆ دەکرێت و، ئەرکی داوودەزگاکانی پروپاگەندەی ئینگلیز بەڕێوەدەبەن. لایەنی سێیەمی چالاکی و پروپاگەندەی ئەفسەرە سیاسییەکانی ئینگلیز سیخوڕی و زانیاری وەرگرتنە و، زۆرتریش لەبارەی سیاسییەوە وەک هەڵوێستی کۆمەڵانی خەڵک، چالاکی و قورسایی

ڕێکخراوە کۆمەڵایەتییەکان لەباری سیاسی لەناو کۆمەڵانی خەڵک و... هتد. هەموو ئەمانە وەک بڵێی (کاری ڕۆژانەی) ڕاوێژکارانی سیاسی و ئەفسەرانی سیاسیی ئینگلیزە، لەگەڵ ئەمانەیشدا پەیتاپەیتا لە کاتی دەست پێکردنی چالاکیی ئینگلیز لەناو کورددا، هەروەها لە کاتی گەرم بوونی ژیانی سیاسی لە کوردستاندا، وەک سەرهەڵدان، ناهێمنایەتی و ڕاپەڕین و شۆڕش، ڕاوێژکارە سیاسییەکانی ئینگلیز هەوڵ دەدەن کار لە ڕەوتی ڕووداوەکاندا بکەن، هەروەک چۆن لە ڕاپەڕینەکەی بارزاندا بەم کارە هەڵستان. لە بارودۆخێکی ئەوتۆدا ڕاوێژکاری سیاسی گرووپێکی تایبەتی لە ٣- ٥ ئەفسەری سیاسی پێک دەهێنن و، هەندێ جاریش بەهێنانی پسپۆری تایبەتی لە بەغداوە ژمارەیان زیاتر دەکەن و، دەچنە ناوچەی ڕووداوەکان. لەم کاتەدا گرووپی ئەوتۆ کە لە سێ تا چوار ئەفسەری سیاسی پێک هاتووە لەسەر سنوور لەگەڵ ئێران، هەوڵ دەدەن کاریگەرییان لە بارودۆخی مەهاباددا هەبێت، بە وتەی هاووتووێژەکانم ئەم گرووپە پیاوەکانی خۆیان کە لە کوردەکان پێک هاتوون دەنێرنە مەهاباد و، بەم جۆرە بەبەشی کۆنەپەرست و خێڵەکی کە بەشداریی بزووتنەوەی کوردیان لە مەهابادا کردووە، ناڕاستەوخۆ پێوەندی دەگرن.

بە وتەی هاوتووێژەکانم ڕاوێژکارە سیاسی و ئەفسەرە سیاسییەکان هەمیشە هەوڵیان داوە و زۆریش ویستوویانە دەنگوباسی یەکەتیی سۆڤیەت لەناو کوردی ئێران، هەروەها لە ژیانی کوردی سۆڤیەت و بزووتنەوەی دیموکراتیک لە باکوری ئێراندا ئاگادارین، ئەگەر بێتو دەنگوباسی باش لە بەرژەوەندیی یەکەتیی سۆڤیەت لەناو ئەم یان ئەو خێڵی کورددا هەبێت، دەستبەجێ لەوێ پروپاگەندەی ئینگلیز بەهێز دەکرێت و، بۆ ناساندن و ئاشکراکردنی ئەو کەسانەی دەنگوباسی ئەوتۆ بڵاودەکەنەوە هەنگاو هەڵدەگرن. هەم ئەفسەرە سیاسییەکان و، هەم ڕاوێژکارە سیاسییەکان تۆڕی سیخوڕیی خۆیان لەناو کورددا هەیە. ئەم سیخوڕە کوردانە، هەم بەکرێگیراوی بەپارە و، هەم بێ پارەیان هەیە و کاریان بۆ دەکەن و، زیاتر لەو کەسانەن کە لایەنگری سیاسەتی ئینگلیزن، یاخۆ هاوهەستن لەگەڵیاندا. گەرچی پێوەندیی ئەم دەسکیزانە نهێنییە بەڵام زۆربەیان لای کوردەکان ئاشکران و، وەک پیاوەکانی ئینگلیز چاویان لێ دەکەن و، زۆر بەدوورەپەرێزییەوە لەگەڵیاندا دەجووڵێنەوە. بۆ کاری خۆیان لەناو کوردەکاندا ئەم ڕاوێژکارە سیاسییانەی ئینگلیز گەنجینەی تایبەتیی پارەیان هەیە، بەوتەی هاوتووێژەکانم بۆ ڕووداوێکی کتوپڕ یان پەلە ڕاوێژکارە سیاسییەکان پارەیەکی زیاتریش بۆ ئەو کارە دەدەن، چەندایەتیی یاخۆ ژمارەی ئەم پارەیەی ئەم ئەفسەر و ڕاوێژکارانە دەیدەن نازانن، بەڵام دەڵێن؛ کەمخەرجی ناکەن و، شەرمیش لە پارەدان ناکەن. هەروەها هاوتووێژەکانم دەڵێن: ئەوانە سەر بەچەند داوودەزگایەکی جۆربەجۆرن، بۆ وێنە

وەک لای ئەوانە ڕوونە (کـینگ و مـیـد) سـەر بەداوودەزگـای لەشکرین و، (مـلازم گـوریش) سـەر بەدەزگـای پاراسـتنی (دەزگـای هەواڵگری)ی بەریتـانیـیـە، سـیـخـوڕیی لەشکری لەناو کـوردەکـاندا بەئەسـتـۆی جـەنەڕال ڕینتن Rentin ە کـە بارەگـاکـەی لە کەرکووکە و، لەگەڵ ئەرکـانی لەشکری دووی سوپای عـێراقدا لە کـەرکـووک پێوەندیی هەیە. جەنەڕال ڕینتن زیاتر خەریکی کێشـەکـانی سوپاییـیـە، بەڵام لە هەمـان کـاتیـشدا لەناو کورددا چالاکیی پروپاگەندەیی ئەنجام دەدات، ئەویش نەک بۆ کوردی عـێراق بگرە کوردی سوریا و بەتایبەتیش بۆ کوردی تورکیایە.

ناوەندی پروپاگـەندەی ئینگلیـز لەناو کـوردی عـێـراقـدا (کـۆمـەڵەی پێـوەندییـەکـانی کـولتـووریی کـورد و بەریتـانیـا)یە کە ئۆرگـانی چاپەمەنیی خۆی بەناوی (دەنگی گـێتی تازە)وە هەیە. بۆ چالاک کردنی ئەم کـۆمـەڵەیە ئینگلیـز توانیـویانە هەندێ کـەسـایەتیی ناوداری کـۆمـەڵایەتیی کـورد، بەتایبـەتیش مـێـژوونووس و ڕۆژنامـەنووسی بەناوبـانگی کورد سەید حوسێن حوزنی موکریانی کە سەرنووسەری (دەنگی گـێتی تازەیە) بۆ لای خۆیان ڕاکـێـشـن. هەروەها ئەدیبە بەناوبـانگەکـانی وەک تۆفـیق وەهبی دانەری گـەلالەی نووسـینی کـوردی بەئەلفـبـای لاتینی و، ڕەفـیـق حـیـلمی کـە نووسـەر و وەرگـێـڕێکی بەناوبـانگی کـوردە بۆ لای خـۆیان ڕاکـێشـاوە، (کـۆمـەڵەی پێـوەندییـەکـانی کـولتـووری کوردی- بەریتانی) بەشێکە لە کۆمەڵەی گشتیی (کۆمەڵەی پێوەندییەکانی بەریتانیا- عـێـراق). سـەبارەت بەکـاروباری ئەم کـۆمـەڵەیەوە لە خـوارەوە لە بەشی پروپاگـەندەی ئینگلیزەکـان لە عێراقدا نووسیومانە، لقی لە هەموو شارە کوردییەکانی وەکو کەرکووک و سلێمانی و هەولێر و موسڵ و ڕەواندزدا هەیە.

شـێـوەی سـەرەکـیی کـاروبـاری ئەم کـۆمـەڵەیە چاپەمـەنیـیـە و، بەشـێـوەیەکی جـوان و ڕێکوپێک پروپاگـەندەی بەهێـزی ئیـمـپـراتۆریەتی بەریتـانیا وەک دەرکـردنی (گـۆڤـار، بەلاڤـۆک، بەیاننامـە، پلاکـات، سـینەمـا، پێشـانگـە، موحـازەرات و ڕاپۆرت) دەکـات، هەروەها بردنی کـولتووری ئینگلیزییە بۆ ناو کۆمەڵگەی کوردی و، بۆ ئەم مـەبەسـتـەیش کۆمەڵە یارمەتیی فـێربوونی زمـانی ئینگلیزی بۆ کـوردەکـان دەدات. ئەندامانی کۆمـەڵە بواری ئەوەیان هەیە فـێـری زمـانی ئینگلیـزی بن و، کـۆرسی فـێـربوونی تایبەتیـشیـان بۆ داناون. کـتـێب و چاپەمەنی تـایبـەتییـان پێ دەدەن و، مـوحـازەراتی تـایبـەتییـان لەسـەر ڕابردووی ئینگلیـز و دەسـکەوتە کـولـتـوورییـەکـانی ئینگلیـز و هیـند بۆ دەخـوێننەوە. بەقسـەی هاوتوێژەکـانم کـاروباری ئینگلیـز لە بواری بڵاوکـردنەوەی زمـانی ئینگلیـزی لایەنگر و داخــوازی زۆری لەنـاو کــورددا هەیە و، کــوردێکی زۆر لە هەمــوو چین و توێژەکـانی کـۆمـەڵگەی کـوردەواری بەتـاسـەوە خـەریکی فـێـربوونی زمـانی ئینگلیـزین و، کـۆمـەڵەی پێـوەندییـەکـانی کـولتـووری ئینـگلیـز- کـورد ئەوپەڕی هەوڵی خـۆیان بۆ دابین

کردنی فێربوونی ئەو خەڵکە دەدەن. هاوتوویژەکانم دەڵێن: «لە هەر شوێنێک ٢ تا ٣ کەس بۆ فێربوونی زمانی ئینگلیزی پەیدا ببن، مامۆستایەکی تایبەتییان بۆ دادەنێن». لەگەڵ ئەمەیش لە ناوچە کوردییەکاندا، ئینگلیز کاروباری سیخوڕی و پروپاگەندەییش دەکەن، هەروەها لە ڕێگەی چاپەمەنییە کوردییەکانەوە پروپاگەندەی خۆیان دەکەن. بۆ وێنە ئینگلیز توانییان کۆنترۆڵی خۆیان لەسەر کۆنترین ڕۆژنامەی کوردی لە عێراقدا بکەن ئەویش ڕۆژنامەی (ژین)ە کە لە سلێمانی دەردەچێت. سەردەمێکیش ئۆرگانی شێخ مەحمودی حەفید بووە، سەرنووسەری ڕۆژنامەی ژین (پیرەمێرد) یەکێکە لە ڕۆژنامەنووسە بەناوبانگەکانی کورد کە لە ساڵانی دواییی ژیانی خۆیدا لە خەباتی سیاسی دوورکەوتەوە و، هەڵوێستی دژایەتی کردنی ئینگلیزی گۆڕی و، ئێستە ئەویش وەک ئەندامی دەستەی سەرنووسەری ژین، واتە حاجی تۆفیق یەکێکە لەلایەنگران و، بەڕێوەبەرانی سیاسەتی ئینگلیز. هەروەک هاووتوویژەکانم دووپاتیان کردەوە کە چالاکی و پروپاگەندەی هەمەلایەنی ئینگلیز لەناو کورددا بووە بەهۆی لاوازکردنی هەڵوێستی دژی ئینگلیز لەناو کۆمەڵانی کورد و، لە هەمووی گرینگتر کولتووری وتوویژەکانی کورد لەگەڵ کولتووری ئینگلیزی نێزیک دەکاتەوە و، لەگەڵ کولتووری ئەواندا ڕایان دێنن.

هاووتوویژەکانم دەڵێن: هەر لەبەرئەوەیە: (... ئەگەر یەکەتیی سۆڤیەت پێویستی بەکوردە و کۆمەڵانی گەلی کورد بەرامبەر بەسۆڤیەت سۆزیان هەیە، لە هیچ لایەکەوە ئاگەداری و زانیارییان لەبارەی سۆڤیەت پێ ناگات و، ئەگەریش شتێک بزانن، هەندێک زەحمەتە بۆیان تێی بگەن، لەبەرئەوە ئەوانە وا ڕاهاتوون دنیا بەچاویلکەی ئینگلیز تەماشا بکەن...).

ئەمریکا: پروپاگەندەی ئەمریکاییەکان لە عێراق لە ڕێگەی (کۆمەڵەی پێوەندییەکانی ئەمریکا- عێراق)ەوە بەڕێوەدەچێت، کە ناوەندەکەی لە بەغدایە و بایەخێکی زۆر بەرامبەر بەکوردەکان دەنوێنن.

سەرۆکی ئەم کۆمەڵەیە پزیشکێکی ئەمریکایی بەناوی هۆلف Holf ە و پسپۆری نەخۆشییەکانی مێشکە و جوولەکەیە. ناوبراو لە کێشەی کورد ئاگادارە و، نەک تەنیا زمانی عەرەبی بگرە زمانی کوردیش دەزانێت و، لەگەڵ کەسایەتییە بەناوبانگەکانی کورددا پێوەندیی هەیە.

بە وتەی هاووتوویژەکانم بۆ وێنە هالف پێوەندیی لەگەڵ شێخانی بارزاندا هەیە و، لە هەڵوێستی دژی ئینگلیزی ئەوانە پشتیوانی دەکات.

ئەوەی لەم کۆمەڵەیەدا لەسەر کێشەی کورد کار دەکات کاپیتان (نەقیب) ویلسونە Wilson کە زمانی کوردی و عەرەبی دەزانێت، هەروەک هاووتوویژەکانم دەڵێن: ویلسون زمانی کوردی لە ئەمریکا لە هەڵسوکەوت و ئاخاوتن لەگەڵ پەنابەرانی کورد لە

کارگەکانی فۆرد لە دیترویت فێربووە. چاپەمەنییەکی تایبەت بۆ پروپاگەندە بەزمانی کوردی لەلایەن ئەمریکاییەکانەوە دەرناچێت و، پروپاگەندەیەکی تایبەتی لەناو کورددا بەڕێوەنابەن بەپێچەوانەی ئەو پروپاگەندە گشتییەی لە عێراق دەیکەن. هاووتووێژەکانم دەڵێن: زۆربەی کارەکانی ویلسون سیخوڕییە و، چالاکانە لە ناوچە کوردییەکانی عێراق و ئەو کەسایەتییە سیاسییانەی لە کۆمەڵگەی کوردەواریدا ڕێز و دەنگ و ناویان هەیە لێکۆڵینەوە دەکات.

فەرەنسا: بەپێی ئاگەداری هاوتووێژەکانم فەرەنسییەکان چالاکییەکیی تایبەتیان لەناو کورددا نییە. بەڵام کەنیسەی کاتۆلیکی فەرەنسایی لە مووسڵ تا ڕادەیەک لەناو کورددا کار دەکات، ئەم کەنیسەیە چالاکییەکی بەربڵاوی لە بواری پروپاگەندە لەناو مەسیحییە عەرەبەکان و هەروەها فێرکردنی زمانی فەرەنسی دەست پێ کردووە (سەبارەت بەچالاکیی ئەم کەنیسەیە تەماشای بەشی پروپاگەندەی فەرەنسییەکان لە عێراق بکە).

تورکیا: پروپاگەندەکانی تورکیا لەناو کوردی عێراقدا لە چەند کەناڵێکەوە بەڕێوەدەچێت، بەتایبەت لە کەرکووک و هەولێر. یەکێک لە ناوەندەکانی تورکی، بازرگانی تورک لە هەولێر زەویدار (نازم بەگی نەفتچییە) لە لای ناوبراودا لایەنگری کوردە بازرگانەکانی تورکیا بەتایبەتی لە چینی فیۆداڵ کۆبوونەوە دەکرێ.

لەم کۆبوونەوانەدا ڕۆژنامەکانی تورکیا دەخوێننەوە و باسیان لێ دەکەن و گوێ لە ڕادیۆی تورکیاش دەگرن. کۆبوونەوەکەیان لە کۆبوونەوەی فیۆداڵە کوردەکان (دیوەخان) دەچێت، زۆرجار لەوێ کێشەی سیاسی باس دەکەن، ئەو جۆرە کۆبوونەوانە لە (دیوەخانەکان)دا تا ئێستەش لەناو فیۆداڵە کوردەکان لە عێراقدا باوە، تیایدا دەنگوباس و پروپاگەندە و، ئەو کۆبوونەوانەش باس دەکەن کە لەلای نازیم بەگی نەفتچی بەستراون.

ناوەرۆکی پروپاگەندەی تورکەکان بریتییە لە:

- بەهێزیی تورکیا و گرینگی ڕۆڵی گەورەی ئەم وڵاتە لەناو وڵاتانی عوسمانلی لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا.

- ژیریی سیاسەتی تورکیا لە ساڵانی شەڕدا، هاوبەشیی کولتوور و ئایینی کورد و تورک.

چارەنووسی مێژوویی هاوبەشی کورد و تورک: لەم ساڵانەی دواییەدا تورکەکان چالاکیی پروپاگەندەی خۆیان بەهێز کردووە، بەتایبەتی پروپاگەندەی ئەوە دەکەن کە ویلایەتی موسڵیان (زۆر بەناپاسایی) لە تورکیا داپڕیوە و، بەعێراقیانەوە لکاندووە، ئەم ژێر پێ خستنە نەک تەنیا بەرژەوەندیی تورکیا، بگرە هی کوردیشیان لەکەدار کردووە. کورد لە نێوان ئێران و تورکیادا دابەش کراوە، لەبەرئەوە ناتوانن سەربەخۆیی

بەدەست بهێنن، مووسڵ و نەوتی مووسڵ دەبێ بۆ تورکیا بگەڕێتەوە و، تەنیا لە چوارچێوەی تورکیادا کورد دەتوانن بەمافی خۆیان بگەن، ئەو مافانەی (دوژمنی هەتاهەتایی) کورد، واتە عەرەب نکووڵیی لێ دەکەن.

وەک هاووتوویژکارەکانم دەڵێن: ئاشکرایە پروپاگەندەی ئەم دواییانەی تورک بەدڵی ئینگلیزە و پشتیوانیی لێ دەکەن. چونکە دوژمنایەتیی کۆن و ڕواڵەتییانەی نێوان کورد و عەرەب گەورەتر دەکات و، لە ئاکامیشدا بزووتنەوە لە دژی ئینگلیز لە عێراق لاواز دەکات. جگە لەوەش لە مووسڵ کتێب فرۆشییەکی تایبەتی تورکان بەناوی (مەکتەب ئومێد)ەوە هەیە. کتێب و ڕۆژنامەی کوردی(*) کە لە ئەنقەرە و ئەستانبۆڵەوە دێن، دەفرۆشێت، هەروەها کوردە فیۆداڵەکان، بەتایبەتیش نەوەی کۆن و بەساڵاچوو سەردانی کتێب فرۆشییەکە دەکەن و زۆربەیان فێری پەروەردەی تورکی دەبن. لەم دوو ساڵەی دواییدا تورکیا خەریکی وەرگرتنی لاوە کوردەکانە لە قوتابخانەکانی خۆی لە تورکیا و، ساڵانە ٢٥ تا ٣٠ لاوی کورد لە حیسابی گەنجینەی دەوڵەت لە قوتابخانەکانی ئەنقەرە و ئەستەنبوڵ دەخوێنن. ئەم قوتابیانە هاوینان بۆ پشوودان بۆ ناو خێڵ و هۆزەکانی خۆیان دەگەڕێنەوە و، بۆ بەرژەوەندی و لایەنگیری لە تورکیا پروپاگەندە دەکەن. کاربەدەستە عەرەبەکانی عێراقیش سەرانسۆی پروپاگەندەکانی تورک دەکەن نەبادا پەرە بستێنیت.

پروپاگەندەی تورک لەناو کوردی سوپای عێراقدا لەلایەن جەنەراڵ مستەفا راغیب فەرماندەی لەشکری کەرکووکەوە بەڕێوەدەچێت، چونکە بەلایەنگری لە تورکیا ناوبانگی دەرکردووە.

**چاپەمەنییە کوردییەکان لە عێراق**

لە ساڵەکانی شەڕی دووەمی جیهاندا چاپەمەنیی کوردی لە عێراقدا زۆر کەم بوو، هۆیەکەشی وەک هاووتوویژەکانم دەڵێن، بۆ ئەمانەی خوارەوە دەگەڕایەوە:

١- ئەو پارت و گرووپە کوردییانەی تا شەڕی دووەمی جیهان هەبوون، لێک بڵاوبوون و لە ئاکامیدا ئۆرگانە چاپەمەنییەکانیشیان نەما.

٢- رووناکبیرانی کورد، ساڵانی شەڕ هەستیان بەرامبەر بەکێشەی نەتەوەیی لاواز بوو. ژیان پێویستیی کێشە سیاسییەکانی بەگشتی خستە پێش پلانی یەکەمەوە، لەبەر ئەمە خوێندەوارانی کورد بەتاسە و تامەزرۆوە ڕۆژنامە و گۆڤارە گشتییەکانیان بەزمانی عەرەبی دەخوێندەوە و، کەمتر بایەخیان بەچاپەمەنیی کوردی دەدا.

٣- سانسۆری توندی سەردەمی شەڕ نەیدەهێشت چاپەمەنیی کوردی گەشە بکەن.

(*) لەوانەیە کتێب و ڕۆژنامەی تورکی بووبێت نەک کوردی. ئاراس

ئێستە داخوازیی چاپەمەنی چ ڕۆژانە و، چ ناوە ناوە و تەنانەت کتێبی قوتابخانە و...هتد، بەزمانی کوردی لە پەرەسەندندایە، بەڵام بوونی ڕێکخراوێکی پتەوی کۆمەڵایەتی کە توانای دارایی و کادیریی بۆ دەرکردنی چاپەمەنیی ئەوتۆ بەزمانی کوردی هەبێت، هەروەها سیاسەتی چەوتی دەوڵەتی عێراق بەرامبەر بەچاپەمەنیی کوردی دەبێتە هۆی بووژاندنەوە و بەهێزکردنی بزووتنەوەی نەتەوەییی کورد، ئەمانە هەموویان ئەو هیوایانەیان نەهێشتووە تا لەداهاتوویەکی نێزیکدا چاوەڕێی ئەوە بکرێت کە چاپەمەنیی کوردی لە عێراقدا بەشێوەیەکی زۆر زیاتر پەرە بگرێ. کوردەکان بۆ خۆیان چاپخانە (تیپۆگرافیان) نییە، جگە لەیەک دانە کە ئەویش ئینگلیز بە سەید حوسێن حوزنی موکریانیی فرۆشتووە و، پێم وایە ئەویش فرۆشتوویەتیەوە. چاپخانەی عەرەبیش گرانە و، هەمیشەش ناکرێت نووسراوە کوردییەکان کە زمانی کوردی پیتی لە پیتەکانی عەرەبی زیاتر یان پێویستی بەپیتی زیادە هەیە، سوودی لێ وەربگیرێت. ئەمەش بۆ خۆی تەگەرەیەکی ترە لەبەردەم چاپخانەی کوردیدا. بۆیە ژمارەیەکی زۆر لە کەسایەتییە سیاسییەکانی کورد، هەروەها نووسەر و شاعیرانی کورد زۆرجار بەدەستنووس بەرهەمەکانی خۆیان بڵاودەکەنەوە. جگە لەوە زۆربەی خوێندەوارە کوردەکان زمانی عەرەبی دەزانن و، لەم ساڵانەی دواییدا بۆ ژیانی سیاسی سوودیان لە زمانی عەرەبی وەرگرتووە. زاراوە سیاسییەکانی عەرەبی کاری باشیان لەسەر کراوە و زۆر ڕێکوپێکن. هاووتوویژەکانم دەیانوت: «نووسین یان ڕێکخستنی دۆکیومێنتی سیاسی بەزمانی عەرەبی بۆ ئێمە ئاسانترە. لە چاو زمانی کوردی، چونکە بەزمانی عەرەبی پێویست بەوە ناکات بیر بکەینەوە چۆن بیر و هەڵوێست دابڕێژین، بەڵام بەکوردی زۆرجار وشە پێویستەکان نادۆزرێنەوە». هەروەها دەیانوت: جگە لەوەش جیاوازییەکی زۆر لەنێوان هەندێ دیالێکتی زمانی کوردی عێراقدا هەیە، ئەمە بۆ خۆی گیروگرفتێکە، هەروەها شێوازی نووسینی عەرەبیش بۆ بەکارهێنانی نووسینی کوردی لەبار و گونجاو نییە، بەڵام خۆشەویستی بۆ زمانی زگماک و هەوڵدان بۆ دەربڕینی بیر و هەستی خۆیان لەناو کورددا بەهێزە. بۆیە هەر کتێب و ڕۆژنامە و گۆڤار و، تەنانەت دەستنووسێکیش ئەگەر بەزمانی کوردی بێت لای کوردەکان زۆر پیرۆز و بەنرخە، ئەو بەرهەمەی بەزمانی کوردی نووسرابن، کوردەکان باوەڕی پێ دەکەن، چونکە بەزمانی زگماکی خۆیان نووسراوە و، ئەوەی بەزمانی کوردی نەنووسرابێت ڕەخنەی لێ ناگرن.

هاووتوویژەکانم وێنەیان دەهێنایەوە، دەیانوت: چاپەمەنییە کوردییەکان زۆرجار کون بەکون دەگوازرێنەوە، زۆر بەئاگەدارییەوە لە هەموو ماڵێکدا هەڵیان دەگرن و، زۆرجاریش گرینگ نییە ناوەڕۆکەکەی هەرچییەک بێت. کاتێ تەماشای ڕۆژنامەی (کوردستان)یان دەکرد، کە لە مەهاباد بەزمانی کوردی دەردەچوو، هاووتوێژەکانم

دەیانوت: «بۆ هەر ژمارەیەک لە رۆژنامەیەکی ئاوەها لە عێراق هەر کوردێک چ هەژار و چ دەوڵەمەند ئامادەیە پارەیەکی زۆر بدات، ئەویش لەبەرئەوەی بەزمانی کوردی نووسراوە».

ئێستە لە عێراقدا ئەم چاپەمەنییە کوردییانە دەردەچن:

١- (دەنگی گێتی تازە) گۆڤارێکی پروپاگەندەی ئینگلیزە و وێنەدارە، سەرنووسەرەکەی سەید حوسێن حوزنی موکریانییە، چۆنیەتی لە چاپدانیشی پێشتر باسمان کرد.

٢- (ژین) رۆژنامەیەکی هەفتانەیە و، پیرەمێرد واتە حاجی تۆفیق سەرنووسەریەتی، ئۆرگانێکی لایەنگری ئینگلیزە، چۆنیەتی و ناوەرۆکی پێشتر باس کرا و، تیراژی ٢٠٠ تا ٢٥٠ دانەیە.

٣- (ئازادی) پێشتر بەناوی (یەکێتی تێکۆشین)ەوە دەردەچوو. ئۆرگانی نهێنیی بەشی کوردیی حزبی شیوعی عێراقە، یوسف سەلمان (فەهد) سەرنووسەریەتی و تیراژی ٤٠٠ تا ٥٠٠ دانەیە.

٤- (گەلاوێژ) گۆڤارێکی مانگانەی کۆمەلایەتی - زانستی- ئەدەبییە. ئیبراهیم ئەحمەد خاوەن ئیمتیاز و عەلائەدین سەجادی سەرنووسەریەتی، لە کاتی شەڕدا هەڵوێستێکی ئاشکرا و پتەوی لەدژی فاشیزم گرتبووەبەر و بەلایەنگری بۆ بەیەکەتیی سۆڤیەت هەڵوێستی گرتبوو. ژمارەیەکی زۆر لە ئەندامانی حزبی شیوعی عێراق لەم گۆڤارەدا هاوکاری دەکەن و، تیراژەکەی ٥٠٠ تا ٦٠٠ دانەیە.

**لەبارەی بارودۆخی کورد لە عێراق**

بەشێکی زۆری کوردی عێراق تا ئێستە لەژێر دەسەڵاتی سەرکردەی تایفە و خێڵ و سەرۆکە عورفی و ئاینییەکانی خێڵانی خۆیاندان. ئەم دەسەڵاتە تا ئێستەش زۆر بەهێزە و زۆرجاریش رێبازی سیاسیی خێڵەکان لەلایەن سەرۆکی ئەو خێڵانەوە دیاری دەکرێت. دەوڵەتی عێراق پشتیوانی تەواو لە بنیاتی تایفە-خێڵی کورد و دەسەڵاتی سەرکردەی خێڵەکان دەکات و، بەشێوەیەکی رەسمی لە (هاوسەنگیی خێڵەکاندا) رەنگی داوەتەوە کە هەم خێڵە کوردەکان و هەم خێڵە عەرەبەکان دەگرێتەوە. بەپێی ئەم یاسایە سەرکردەی خێڵ لە چوارچێوەی خێڵی خۆیاندا دەسەڵاتی بەرێوەبردنیان هەیە کە بەکردەوە خاوەنی خێڵی خۆیانن. ئەم یاسایە لە هەمان کاتیشدا هەندێ مافی ئابووریی بەرامبەر بەئەندامانی خێڵ لە ئاست سەرۆکەکانیان دەدات. زۆرجار لە پەرلەمانی عێراقدا کێشەی گۆڕینی (موازینی یاسای خێڵەکان) هێنراوەتە کایەوە. هەروەها لەم بارەیەشەوە کۆمەڵگەی عیراق زۆرجار داوای گۆڕینی ئەو یاسایەیان کردووە. بەلام لەژێر

پاڵەپەستۆی داروودەستەی کۆنەپەرستان کە لەلایەن ئینگلیزەوە پشتیوانی دەکرێت، ئەم یاسایە تا ئێستە لەجێی خۆی ماوەتەوە و، جێبەجێ دەکرێت. یاسای خێڵات کە زیاتر بۆ خێڵە کوردەکانە تا ئێستەش زۆربەیان ژیانی کۆچەری و نیمچە کۆچەری بەسەر دەبەن و، بەتایبەت لەناو ئاژەڵداران وەکو خاوەن بەشی سەرەکیی ئابووری، بەڕێوەدەچێت. ئەم یاسایە هەل بەسەرۆک خێڵەکان دەدات ئاژەڵدارەکانیان پێ ببەسترێنەوە. هەبوونی ئەم یاسایە بووەتە هۆکارێکی گەورەی ڕاگرتنی پرۆسەی جێبەجێ کردنی کۆچەرە کوردەکان، لەبەرئەوەی گواستنەوەی ئاژەڵدارە کۆچەرەکان بۆ سەر ژیانی کشتوکاڵی، دەبێتە هۆی کەم بوونەوەی ئاژەڵ و، لە ئەنجامدا بەسترانی ئەو کوردانە بەسەرۆک خێڵانی خۆیانەوە، کەمتر و لاوازتر دەبێت، بۆیە سەرۆکی تایفە و خێلانی کورد پرۆسەی جێگیرکردنی کۆچەرەکان ڕادەگرن و، لەوە دەترسێن لە مافی ئابووریی خۆیان بێبەش بکرێن. سەرۆک خێڵ و هۆزەکانی کورد زۆرجار لەو هەلومەرجەدا هەوڵ دەدەن دەست بەسەر زەویوزاری خێڵەکەدا بگرن و، خۆیان بکەنە خاوەنی موڵکەکان، واش لەو کوردانە بکەن کە ژیانی کۆچەرایەتیان جێ هێشتووە، لەسەر زەویوزارەکاندا کار بکەن و، بەخۆیانەوە ببەسترێن، بۆ وێنە لە عێراقدا جوتیارە وەرزێرەکان زەوی لەئاغاکان بەکرێ دەگرن، بەم شێوەیە مافی ئابووریی خۆیان دەپارێزن، واتە شێوازی نوێی موڵکداری (بەستنەوەی جوتیار بەزەوییەوە) دەگۆڕن.

جوتیاری مام ناوەندیی کورد دوای ئەوەی کرێ بەئاغا و پارە بەدەوڵەت دەدات، سێ یەکی بەرهەمەکەی بۆ دەمێنێتەوە، زۆرجاریش لەوە کەمتری بۆ دەمێنێتەوە، ئەوەیش کە بۆی دەمێنێتەوە هێندە کەمە بەشی ئەوە ناکات ژیانی ساڵانەی خێزانەکەی پێ بەڕێوە ببات. ناچار دەبێت لە ئاغا، نان یان گەنم بەقەرز تا بەرهەمی ساڵی داهاتوو وەربگرێت. بەم شێوەیە دەبێتە دیلی تەواوی خاوەن زەوی و لە ئەنجامیشدا ئاغا زەویدارەکان وەک سەرۆکی خێڵ و هۆز دەمێننەوە.

دەوڵەتی عێراق بۆ جێگیرکردنی کۆچەرە کوردەکان، هەروەها بۆ بەرژەوەندیی سەرۆک خێڵ و هۆزەکان هەنگاو هەڵدەگرێت. بۆ وێنە ساڵی ڕابردوو واتە ساڵی ١٩٤٥ دەوڵەتی عێراق بەدروستکردنی ئاوبەند لەسەر ڕووباری زێی گەورە بەشێکی زۆری لە زەوی نێوان موسڵ و کەرکوک واتە دەشتی قەراج کە هی خێڵە کوردەکانە ئاودێرکرد. ئەو زەوییەی لە ڕێگەی ئاوبەندەکەوە ئاودێر دەکرێت لە نێوان شێخە کوردەکاندا دابەش کرد و، ئەوانیش خێڵەکانی خۆیان وەکو کرێگرتە هێنا و لەوێیان جێگیر کردن.

ئەم هەنگاوەی دەوڵەت لە ڕێگەی چاپەمەنییەکانەوە ڕەخنەی لێ گیرا، بەتایبەتی لەلاپەڕەکانی گۆڤاری بەشی کوردیی حزبی شیوعی عێراق. باری ئابووریی جوتیارانی کورد بەکۆچەر و جێگیرەکانەوە خراپتر بووە، چونکە باری گوزەران دە قات گرانتر بووە،

لەکـاتێکدا نرخی بەرهەمی کشـتـوکـاڵ هەر لەدابەزیندایە، نرخ تەنیـا لەشـاراندا بەرز بووەتەوە. لێـرەش تەنیـا بـازرگـان و زەویـدار و خـاوەن بـەرهەم کـەلوپەلی زیادەیان بۆ فـرۆشتن هەیە، جـوتیـارانی کـورد خـاوەن بەرهەمـێکی ئەوەندە زۆر نین تا بۆ فـرۆشتن بۆ شاری ببەن. بۆیە ناچار دەبن بەنرخێکی هەرزان بەوردە بازرگانەکانی بفرۆشن.
سەختیی باری ژیانی جوتیارە کوردەکـان وای کردووە بەکۆمەڵ بەرەو شـار بار بکەن تا کـارێک بدۆزنەوە پێی بژێن. زۆربەشیـان بۆ هەمیـشـە لەوێ دەمێننەوە، لە ژیانی لادێی دەپچڕێن و، کرێکاری هەڵدەبژێرن. کرێکارە کوردەکان زۆرینەی کرێکارانی پیشەسازیی نەوت پێک دێنن. کـوردێکی زۆریش وەک کرێکاری گواستنەوە و لەبەندەرەکاندا وەک کـۆڵکێش بار لە پاپۆڕەکـان بار دەکـەن. باری ژیانی کـرێکارانی کـورد لەچاو جـوتیـارە هەژارەکاندا زۆر باشترە. بەڵام ژیانی ئەوانیش پڕە لە ناخۆشی و سەختەتی. لەبەرئەوەی زۆربەیان زانیـاریی کـارکردنیـان وەرنەگرتووە، مـووچە و داهاتیـان کـەمـە. لە سـاڵەکـانی شەڕدا هەقدەست یان مـووچەی کرێکاران بەشێـوەیەکی مـام ناوەندی دووقـات زیاد کـرا، لەهەمـان کـاتیـشـدا ژیان لە شـارەکـان ١٠ تا ١٣ قـات گـرانتـر بوو و، لە پێـشـەوەی هەمووشیـاندا نرخی پێویستییە سەرەتاییەکانی ژیان گران بوو. هاووتوویژەکانم نازانن ژمارەی کرێکارە کوردەکانی عێراق چەندن، بەڵام دەڵێن لە هەموو بارێکدا لە ١٠ هەزار کەمتر نین.
ئەگەرچی زۆربەی کرێکارانی کورد پێوەندییـان لەگەڵ کەسوکاری خۆیاندا ڕاگرتووە و، زۆربەیان ژن و بنەمـاڵەیان هەر لەناو خـێـڵـەکـەی خـۆیاندا بەجێ هێـشـتـووە، لەگـەڵ ئەمـەشدا کاریگەرییەتیی پێوەندیی خێـڵـەکیی کـرێکارانی کورد زۆر بەهێز نییـە و، بەگشتی لەژێر دەسەڵاتی سەرکردایەتیی خێڵەکی دێنە دەرەوە. کرێکارانی کورد لە شارە گـەورەکـانی وەک کـەرکـوک، سلێـمـانی، هەولێـر، ڕەواندوز... هتـد، کـار دەکـەن. لەو شارانەدا کە زۆربەی دانیشتوانیان کوردن، بازرگان و کاسبکار و دوکاندار، پیشەساز و ئەو کەسە ڕووناکبیرانەی کاری سەربەخۆ دەکەن یاخۆ پسپـۆڕن، پێوەندیی خێڵەکییـان زۆر لاوازە و، دەسـەڵاتی دەرەبەگـە گـەورەکـان تـەنیـا بەناو و شـێـوەیەکی ڕواڵەتین.
لەلایەکی ترەوە کـوردە شارنشینەکان هەرە چالاکترین توێژی کۆمەڵگەی کوردەوارین. بۆیەش لـەم دواییـیـانە لەناو ئەواندا گـرووپ و هێـزە سیـاسـیـیـەکـان سـەریان هەڵداوە. بیـروباوەڕ و هەڵـوێستـی ئەوانە لەناو چین و توێژەکـانی تری کـۆمـەڵگەی کـوردەواریدا، واتە لەناو جوتیاران و بەشێک لە فیـۆداڵە پێشکەوتووەکاندا بڵاودەبێتەوە، وەک ئەوەی دامـەزرێنەرانی پارتی ژێکاف کردیان و ئەوەبوو لە سـاڵی یەکەمـدا گـرووپێکی کـەم یان بچـووکی سیـاسـیی ڕووناکـبیـرانی کـورد بوو و، لەم دواییـیـانەدا بوو بـەرێکخـراوێکی جەمـاوەری. ئاشکراشـە بەبێ دەسـتێـوەردانی چالاکیی ئینگلیـز نەیانتـوانیـوە ئـەم کـارە بکەن. لەلایەکی ترەوە دەتوانین بڵێین کوردێکی زۆر لەناو سوپای عێراقدا هەن، سوپای

عێراق هەر لەسەرەتای دروست بوونیەوە کوردێکی زۆری لەناودابووە کە ڕۆڵی لەشکری یان خوێندنی بەرزی سەربازییان لە تورکیا بینیوە. جگە لەوە کوردێکی زۆریش، نەک تەنیا دەرەبەگ و فیۆداڵ و بۆرژوا بگرە جوتیارە هەژارەکانیش حەز دەکەن، منداڵەکانیان بۆ قوتابخانە و فێرگە نیزامییەکان بنێرن. بۆیە بەوتەی هاووتووێژەکانم ئێستە لەناو سوپای عێراقدا نێزیکەی ٢٠٠ ئەفسەری کورد هەیە. ئەم ئەفسەرە کوردانە بەشێکی چالاکیی ڕووناکبیرانی کورد پێک دێنن و، زۆربەشیان هاوهەستی بزووتنەوەی کوردن. هەندێ جاریش بەشداری تێیدا دەکەن، بۆ وێنە لە کاتی ڕاپەڕینەکەی دووەمی بارزاندا. هاووتووێژەکانم دەڵێن: کوردی عێراق بەگشتی لە کوردی ئێران بەکولتوورترن و کوردە ڕووناکبیرەکانی عێراق لەوەکانی ئێران زیاترن... هتد.

هەروەها ژمارەی قوتابیانی ناوەندی، یاخۆ بەرز و پسپۆریش، واتە ڕووناکبیری مام ناوەندیی وەک مامۆستا و مافناس و ئەفسەر و فەرمانبەر و ڕۆژنامەنووس و... هتد، زیاترن. ڕووناکبیرانی کورد لە چین و توێژەکانی کۆمەڵگەی کوردەواری لە دایک بوونە بەڵام زۆربەیان کوڕە بۆرژوا و کوڕە جوتیارن، ژمارەی خوێندەوارانی کورد بەگوێرەی هاووتووێژەکانم لە چاو کوردی ئێران زیاترە. کۆچەرانی کورد لە چاو ئەوانیتر کولتووریان کەمترە، ئەوانە هەروەک ڕابردوو لە خانووبەرەی کۆن دەژین، گەرچی لەم دواییانەدا گۆڕانکاری ڕووی داوە و زۆربەی کۆچەران منداڵی خۆیان بۆ قوتابخانە دەنێرن.

**هەڵسەنگاندنی بزووتنەوەی نەتەوەییی کورد لە عێراقدا**

هاووتووێژەکانم دەڵێن: کوردی عێراق هێز و وزەیەکی زۆریان بۆ پەرەپێدانی بزووتنەوەی کورد هەیە، هەروەها بیانوو و هۆی زۆرتریشیان بۆ ئەم ڕاپەڕینە هەیە لەپێناو ئەوەی کە بزووتنەوەکە کۆمەڵگەی کوردەواری بگرێتە خۆ. جموجۆڵە ڕەمەکییەکانی ناو کۆمەڵگەی کوردەواری لەم دواییانەدا بووە بەبزووتنەوە و خەریکە پەرە دەستێنێت، گەرچی لە هەموو شوێنێکدا وەکو یەک نییە. بۆیە ئەم بزووتنەوەیە بیرێکی گشتی نییە. بەوتەی هاووتووێژەکانم ئێستە بزووتنەوەی نەتەوایەتی لە عێراقدا لە ئاڵۆزییەکی تەواو دایە و، تیایدا دوو ئۆردوگا، یاخۆ دوو بۆچوونی جیاواز و دژ بەیەک دەیانەوێت سەرکردایەتیی بزووتنەوەکە بگرنە دەست. سەرکردە خێڵەکییەکانی کورد دروشمی خەبات لەپێناو سەربەخۆییی کوردستان بەبێ کاریگەریەتیی کولتووری ئەوروپا بەرزدەکەنەوە. هاوکات ڕووناکبیرانی دیموکرات و بەشێک لە هێزە پێشکەوتووە بۆرژواکان و، بەشێک لە جوتیار و فیۆداڵە پێشکەوتووەکانی عێراق کە بۆ دیموکراتی کردنی ژیانی کۆمەڵگەی وڵات و لەپێناو ڕزگاربوون لە دەست چەوساندنەوەی ئیمپریالیستی خەبات دەکەن، لە ئۆردوگای هێزەکانی تری عێراقدان و، ئێستە لەناو ئەم هێزەدا جموجۆڵی ژێر پەردە و دروشمی بزووتنەوەی نەتەوایەتی دەبیندرێت و،